# مێژووی هونەری فۆتۆگراف لە کوردستاندا



مێژووی

دیزاین و چاپخانەکان

فەرهاد پیربال









# Histoire de la photographie au Kurdistan







Ferhad Pirbal

چاپخانەی وەزارەتی رۆشن

w.kurdchap.com

# مێژووی هونەری فۆتۆگراف لە کوردستاندا

## مێژووی هونەری دیزاین و چاپخانەکان

فەرهاد پیربال

٢٠٠٩

وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: مێژووی هونەری فۆتۆ
زنجیرەی کتێب: ٣٧١
ناوی نووسەر: د. فەرهاد پیربال
پیتچنین و نەخشەسازی ناوەڕۆک: کاوە فەتحی شێخانی
نەخشەسازی بەرگ: بەرزین قاسم
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (٤١٦) دراوەتێ
چاپ: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری - هەولێر

- مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و خاوەنی کتێبەکە
- ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر ئەم سایتە خوێنەوە:
www.kurdchap.com

ئەم نامیلکەیە هەوڵدانێکە بۆ تۆمارکردنی چەند تێبینیەک لەبارەی سەرهەڵدان و نەشونمای هونەری (فۆتۆ) و کاری (فۆتۆگرافی) لە کوردستاندا. هەروەها پەیوەندی ئەم سەرهەڵدانە بە یەکەمین چاپخانەکانی کوردستان و پەرەسەندنی هونەری دیزاین.

تا ئێستا هیچ تۆژەرو مێژوونووسێک سۆراغی ئەم مەسەلەیەی نەکردووە و لێی نەکۆڵیوەتەوە تا لەشێوەی کتێبێکدا چاپی بکا، تا ئێستاش، نە (یەکێتی وێنەگرانی کوردستان) و نە (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی) و نە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر)، نە هیچ نەقابە و وەزارەت و کۆمەڵەیەکی هونەری دیکەی ((کوردستانی ئازاد))، ئاوڕیان لە مێژووی ئەم هونەرە هەتیوە نەداوەتەوە و هەوڵی نووسینەوەی مێژووی ئەم هونەرەیان لە کوردستاندا نەداوە، تەنانەت ماتێریال و کەرەستە کۆنەکانیشیان (وێنە دێرینەکانیشیان) لە ئەرشیفخانەیەکدا کۆنەکردۆتەوە! هیچ ئەرشیفخانەیەک یان پەیمانگەیەک بۆ پاراستنی کەرەستە کۆنەکانی ئەم هونەرە دانەمەزراوە! ئاخۆ لەم بارەوە (داهاتوو) چیمان پێ دەڵێ؟

من لای خۆمەوە، دوازدە ساڵە دەستم داوەتە کار بۆ نووسین و کۆکردنەوەی ماتێریال و بەچاپگەیاندنی نامیلکەیەکی ئاوها، بەرهەمەکانیشم -لەشێوەی وتار- لەگۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە. کاتی خۆیشی پێشنیاری گۆشەیەکم بەناوی (چاوی مێژوو) لە گۆڤاری (رامان)دا پێشکەشکرد لەپێناو پاراستن و کۆکردنەوەی وێنە فۆتۆگرافە کۆنەکانی کوردستان، دەم و دەست سەرنووسەری گۆڤارەکە، ئازاد عبدالواحید، پەسەندی کرد و هەر خۆیشم پێشەکی یەکەمین زنجیرەی ئەو گۆشەیەم نووسی و چەندین وێنەم لە یەکەمین زنجیرەکەدا بەبێ ناوی خۆم بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش هان بدەم هەمان کار بکەن، ئیتر وردە وردە سەری

گرت و سەدان فۆتۆ لەو گۆشە – زنجیرەیەدا بڵاوکرانەوە و پارێزران تا رادەی ئەوەی کە پاشان گۆڤاری (سروە)ش لەکوردستانی ئێراندا ئەم ئەرکەی کردە نەریتێک و گۆشەی (کەونە نیشتیمان)ی کردەوە.

پاشـان هاتـم لە کەناڵی سـەتەلایتی (کوردسـتان تی ڤی)، لە بەرنامـەی (رۆناهی) دوو زنجیرەی بەرنامەکـەم تەرخان کرد بەم مەسـەلەیە، پاشـانیش لە کەناڵی سەتەلایتی (گەلی کوردسـتان) لەبەرنامەی (زێرەوشـان) هەمان کارم بەشێوەیەکی تازە ئەنجام دایـەوە، ئەمـە جگە لەوەی کە لە سـاڵی (١٩٩٩) چەنـد وتارێکم لەگۆڤاری رامـان و لە گۆڤارەکانی تردا، پاشـانیش بە زنجیرە لە گۆڤاری (تاو)دا، لەسەر داخوازی نووسەری خەمخۆری ئەم بەستێنە ماجید نووری و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (تاو)، لەبارەی مێژووی هونەری فۆتۆ لە کوردسـتاندا، بڵاو کردەوە. سوپاسـی سـتافی (گۆڤاری تاو) بەتایبەتیش ماجید نووری دەکەم کە بەبێ هەوڵدان و قەدرناسی ئەوان بۆ ئەم هونەرە، ئەم کتێبە چاپ نەدەبوو.

ئەمەتا ئێسـتاش، وام لەهەمووی بەباشـتر زانی کە لەشـێوەی نامیلکەیەکی سـەربەخۆدا، بیخەمە بەردیدی خوێندکار و توێژەر و ئەویندارانـی ئـەم هونـەرە، بەتایبەتیش چونکە زانیم کە هەندێ لە وتار و بەشـەکانی ئەم نامیلکەیە لـە کۆلێژی هونەرە جوانەکاندا کراونەتە مەنهەج و پێویستن بۆ خوێندکارەکان.

مـن ئـەم نامیلکەیەم لەپێناو شـتێکی دیکەش چاپ کرد؛ چاو، بۆ ئەوەی بتوانین بەهرەی بینیـن لەناو خۆماندا پەرە پێ بدەین؛ تاکو بتوانین بەچاو بیر بکەینەوە.



**کەسێ بەم عەصرە نەیدیوە بەشەر وەك تۆ بەشیرینی**
**تەحەییور ما لە تەصویرت ئەگەر نەققاش ئەگەر مانی**

صافی





وێنەگرتن بە کامێرا، یان هونەری فۆتۆگرافی، لە ساڵی (١٨٣٩) داهێنراوە، (هیپۆلێت بایارد) یەکێک لەو داهێنەرانە بوو کە لە ساڵی (١٨٤٠) ئامرازی پۆزەتیفی وێنەگرتنی داهێنا (١) (گۆستاف فلۆبێرت)، رۆماننووسی گەورەی فەرەنسا، کاتێ لە (١٨٥٢) بەرەو میسر سەفەری کرد برادەرێکی وێنەگری خۆی بەناوی (Du CAMP) لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەوەی وێنەی بۆ بگرێت. (٢)

بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی نێوان (١٨٥٠) تا (١٩٠٠) هونەری وێنەگرتن وردە وردە لەسەر دەستی گەڕاڵ و بازرگان و جوگرافیاناس و ئەو وەفدە سیاسی و زانستیانەی لە ئەوروپاوە دەهاتنە رۆژهەڵات، پێشکەوتنێکی گەورەی بەسەردا هات، بەڵام لەماوەی سەدەی رابردوودا تا (١٩٠٤) هەر بەرەش و سپێتی و بەساکاری مایەوە. (٣)

لە سەرەتای ئەم سەدەیە بەملاوە، لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگ و بەجۆشتر بوونی کارەساتەکان، ئەم هونەرە – لەئەنجامی پێشکەوتنی زیاتری زانستەکان – هەنگاوی گەورەتر و گەورەتری هەڵێنا، دەرکەوتنی رێبازە یاخیگەرەکانی شێوەکاری، وەک فوتوریست و دادابیست و سوریالیستەکان لەساڵانی (١٩١٠ و ١٩٢٠)دا، لەسەرووی هەمووشیانەوە دەستاوەرد و داهێنانە تازەکانی (ئۆسکار بارانک) لەبواری ئامێرەکانی وێنەگرتندا هەروەها داهێنانی فیلمی (٣٥) ملیمەتری سینەماتۆگرافی لەلایەن خۆیەوە لەساڵی (١٩٢٤)، کە بۆ یەکەم جار لەئەڵمانیا کەوتە گەڕ.. هەموو ئەمانە ئەم هونەرەیان کردە پیشەیەکی باو، زانستێک، وردە وردە زیاتر و زیاتر بەناو خەڵک و دنیادا بڵاو بۆوە، بەڵام لەسەرەتادا لەوڵاتانی ئەوروپادا. (٤)

ئینجا دەرکەوتنی چەند وێنەگرێکی هونەرمەندی وەک (مان رێی)ی فەرەنسی، کە هونەری فۆتۆ و وێنەگرتنی کردە داهێنان و



((هونەر)) و بەرهەمێکی ئیستەتیکی، وایکرد لەمەودوا خەڵک بەچاوی روانینە تابلۆیەکی هونەری تەماشای فۆتۆبکەن نەک تەنیا بەچاوی وردبوونەوە لە (بەڵگەنامە)و (یادگاری) و (شایەتی دانێکی مێژوویی). تەنانەت وای لێهات کە ئەمرۆ نرخی وێنەیەکی فۆتۆگرافی لە بازاڕە هونەریەکانی ئەوروپا بەهەمان نرخی تابلۆیەکی ڤان کوخ یان پیکاسۆ بفرۆشرێت. (٥)

فۆتۆ لە بەڵگەنامەییەوە بووە ئیستێتیکا.



بەکامێرای رۆژهەلاتناسێک







## کێ کامێرای وێنەگرتنی بۆ یەکەمین جار هێنایە کوردستان؟





گەڕاڵ و کوردناسەکانی ئەوروپا، واتە ئەو گەڕیدە و بازرگان و دیبلۆمات و جاسوسانەی کە بەوەفد لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپاوە هاتوونەتە کوردستان، بەیەکەمین ئەوکەسانە دەژمێردرێن کە کامێرای وێنەگرتنیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتە کوردستان و وێنەی کوردانیان گرتووە. ئەمەش بۆئەوەی لە کتێبەکانی خۆیاندا لە ئەوروپا چاپی بکەن و پیشانی ئەوروپای بدەن کە خەڵکی کورد و وڵاتی کوردان چۆنن و چین: شێوەی کورد، ئادگاریان – لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژیەوە، ئەنتۆگرافیان، تەلار و خانووبەرەیان. هتد! (٦)

ناودارترین ئەو گەڕاڵ و کوردناسانەی بۆ یەکەم جار کامێرایان لەگەڵ خۆیان هێناوەتە کوردستان و وێنەی ژیان و سروشتی وڵاتی ئێمەیان گرتووە، بریتین لە: کوردناسی ناوداری فەرەنسی (هنری بیندەر) لەساڵی (١٨٨٧)، ئینجا (لۆکۆنت دوشۆلێت) لەساڵی (١٨٩٢)دا، ئەم کوردناسانە، بۆ یەکەمین جار سروشتی کوردستان، قەڵافەت و جل و بەرگ و خانووبەرەی کوردانیان خستۆتە نێو چوارچێوەی فۆتۆگرافەوە. (٧)

ئەم وێنەگرتنەی ئەوان بەکامێرا، هەڵبەتا جێگەی ئەوەی گرتۆتەوە کە بێن وەک (مستەر ریچ) لەساڵی (١٨٢٠)، وەک (تورنەفۆرت) لەساڵی (١٧١٧) بەدەست و قەڵەمی خۆیان، بەپەڕەموچ وێنەی کورد و کەرەستەکانی کوردستان و شارەکانی بکێشن. چونکە پێش سەرهەڵدانی فۆتۆگراف، رۆژهەڵاتناس و گەریدەکان بەمووقەلەم و پەڕەمووچ (لەشێوەی تابلۆ و نیگاردا) واتە بەدەست وێنەیان دەکێشا، کە پێیان دەگوترا Gravure یان Illustration. ئەمەش چونکە لەسەدەکانی پێش سەدەی نۆزدەهەم، واتە لەسەردەمی (تورنەفۆرت) و (ریچ)دا هێشتا کامێرای وێنەگرتن و هونەری فۆتۆگراف لە ئەوروپاش دانەهاتبوو. (٨)





دوابەدوای هنری بیندەر و دوشۆلێتی فەرەنسی لە (١٨٨٧ و ١٨٩٢)، دەیان رۆژهەڵاتناس و کوردناسی دیکە هاتوونەتە کوردستان و سەدان وێنەی فۆتۆگرافی جۆراوجۆری کورد و کوردستانیان گرتووە. تا دەگاتە (هاملتۆن) و (دەبلیوو. ئاڕ. هێی) و (مێجەرسۆن) لەساڵانی (١٩١٠ و ١٩٢٠)دا، بەڕاستیش کتێبەکانیان پڕن لە وێنەی فۆتۆگرافی دانسقەی ئەوتۆ کە لەڕووی مێژووییەوە، نرخ و پلەیەکی بەرزیان هەیە و ئەم ئەرشیفە بەهادارانە پێویستە سەرلەنوێ چاپ و بڵاوبکرێتەوە (٩)

ڕاستیەکەیش، ئەگەر کامێرای (مێجەرسۆن) و (مێجەر نۆئێل) و (مسیۆ بێل) و (هاملتۆن) و (دەبلیو. ئاڕ. هێی) و فەرەنسی و ئەوروپاییەکانی تر نەبوایە، ئێستا بێگومان ئەو گەنجینە وێنەییەی (visuelle) کە ئەمڕۆ لەبارەی کوردستانی (١٨٨٧ – ١٩٢٠) هەمانە، هیچی نەدەبوو.

ئەم کوردناسە ئەوروپاییانە، کامێراکانیان تەنیا بۆخۆیان و تەنیا لای خۆیان بووە، کاری خۆیان پێی کردووە و بردویانەتەوە وڵاتی خۆیان، کەواتە بێگومان هیچ ستۆدیۆ و دوکانێکی وێنەگرتنیان لە هیچ شارێکی کوردستاندا نەکردۆتەوە.



هینری بیندەر، فەرەنسی، یەکێک لە یەکەم ئەوانەی
فۆتۆیان هێنایە کوردستان ۱۸۸۷




فۆتۆیەکی ڕۆژهەڵاتناسەکان



**مصوریٚ کە لە دارالفنوونی قودرەتی حەق
بە فرطی عیلمەوە مەنزوونە بە تەزیینی جیهان
صەحائفی هەمەڕەنگی جیهانی بەدەستەوە. وا
خەریکی رەسمە. فەقەت رەسمی عالەمی ئیمکان.**

شێخ نووری شێخ سالح



## کورد لەکەیەوە هونەری فۆتۆگراف و کامێرای وێنەگرتنی ناسیوە؟

ئەو مێژوو نووسانەی وەڵامی ئەم پرسیارەیان دابێتەوە، هێندەی من ئاگام لێ بن تەنیا دوو کەسن :

١- مامۆستا رەفیق حیلمی لە لاپەڕە (٥١٧) ی بەشی دووەمی یاداشتەکانی، کە لە بەغدا لە ساڵی (١٩٨٨) چاپکراوە، دەڵێ ((کاتێ شێخ مەحمود لە (٣٠) ی ئەیلوولی (١٩٢٢) دا لە بەغداوە گەڕایەوە سلێمانی . وێنەگرتن ئەوەندە باوی نەسەندبوو .

٢- ئەکرەمی مەحمودی سالحە ڕەشە : دەڵێ :

وێنە گری لە زەمانی عوسمانی لە سلێمانیدا نەبووە، بۆیە خەڵکی ئەودەمە لە ئەستەمبوڵ و بەغدا وێنەیان دەگرت دوای داگیرکردنی ئینگلیز لە سلێمانی پیشەی وێنەگرتن پەیدا بوو )) . (١٠)

بەم شێوەیە، تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیش هیچ بەڵگەیەکی ئەوەمان بەدەستەوە نییە کە کورد کامێرای وێنەگرتنی ناسیبێت یان هیچ ستۆدیۆیەکی وێنە گرتن لە کوردستان دا هەبووبێت. بەڵگەی ئەم ڕاستیەش ئەوەیە کە وێنەی فۆتۆگرافی ( واتە پۆرترێتی) هیچ شاعیر و نووسەر و کەڵەپیاوێکی کوردی سەدەی نۆزدەیەم لەبەردەستی کەسماندا نیە و نەدۆزراوەتەوە .

وێنەی باوکی شەریف پاشا (سەعید پاشای خەندان) وێنەی عبدالرحیم هەکاری، وێنەی ئیسحاق سکوتی، هەروەها وێنەی چەندان



ناوداری دیکەی کورد و سەدان وێنەی تری کوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٨٨٧ – ١٩٢٠) لە ئەستەمبوڵ و بەغدا و قاهیرە یان لە ژنێڤ و پاریس و لەندەن بە کامێرای کوردناسەکانی ئەورووپا یان لە ستۆدیۆکانی ئەورووپا گیراون، ئەمڕۆ بۆ ئێمە ماونەتەوە.

د. دلێر ئیسماعیل شاوێس مێژوونووس و راگری کۆلێژی ئابووری لەزانکۆی سەلاحەدین - پێی ڕاگەیاندم کە باوکی خۆی ئیسماعیل حەقی شاوێس ساڵانێکی زۆر لەماوەی (١٩١٠ – ١٩٣٠) ستۆدیۆی وێنەگرتنی لە پاریس هەبووە پیشەی فۆتۆگرافی کردوە بەڵام کە گەڕاوەتەوە کوردستان وازی لەم پیشە هونەرییە هێناوە .

د. سلسل العانی دەڵێ: (دەڵێن لە ساڵانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە شاری سلێمانی، عوسمان بەگ ناوێک کە نیگارکێشێکی شارەکە بووە، دەچوە ناو گۆڕستانی شار و رەسمی ئەو ژنانەی دەگرت کە لەسەر گۆڕەکاندا لەناو گوڵ و سەوزاییدا دادەنیشتن. ئەم دیاردەیە لەو سەردەمەدا بە شتێکی ناجۆر و سەیر دەزانرا و ژنان لە هەموو لایەک باسیان دەکرد.). هەروەها لەم بارەوە جبرا ابراهیم جبرا دەڵێ: لە گۆڕستانی سلێمانیدا لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا ئەفسەرێک بووە ناوی عوسمان بەگ بووە، وێنەی ئەو ئافرەتانەی کێشاوە کە دیدەنی گلکۆی مردووەکانیان کردوە، ئەو ئافرەتانەی کە گوڵ و سەوزایی و بەهار دەورەیان دابوون. تا ئێستا یادی ئەو هونەرمەندە هەرماوەتەوە.

کەواتە، جگە لە هونەری نیگارکێشان و تابلۆ دروستکردن بەم شێوە سادەیە (کە دەچێتە خانەی شێوەکاریەوە نەک فۆتۆگراف) تا ساڵانی (١٩١٠) بەم لاوە، لەرێگای بەغدا و بەتایبەتیش لەرێگای ئەستەمبۆڵەوە، واتە لەرێگەی ئەو فۆتۆگراف و وێنەگرە ئەرمەنی و

جوولەکە و رۆژئاواییانەوە کە لە ئەستەمبۆل و بەغدا دەژیان، گەیشتە ناو ئەو سیاسەتمەدار و روناکبیر و کەلەپیاوە کوردانەی کە لە ئەستەمبۆل و بەغدا و شارە گەورەکانی دەولەتی عوسمانیدا دەژیان. بۆیەش دەبینین: یەکەمین وێنەی نووسەر و پیاوە ناودارە کوردەکان لە ستۆدیۆی ئەو شارە گەورانەی وەک ئەستەمبۆل و بەغدا گیراون.

جوولەکە و ئەرمەنییەکانی کوردستان (بەتایبەتی لە هەولێر و لە سلێمانی و لە کەرکوک) دەورێکی دیار و پێشڕەوانەیان هەبووە لە بلاوکردنەوەی ئەم پیشە شارستانیە لە کوردستاندا. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، نووسەری (مێژووی شاری سلێمانی) ئەکرەمی مەحمودی سالحە رەشە، لە لاپەڕە (٤٩٧) ی کتێبی ناوبراودا گەواهی ئەوەمان بۆ دەدات کە زۆربەی هەرە زۆری یەکەمین وێنەگرەکانی سلێمانی کە لەناو شاردا ستۆدیۆی وێنەگرتنیان بۆ یەکەمین جار لە سالانی (١٩٣٠) دا لە سلێمانی کردۆتەوە، ئەرمەنی و جوولەکەکان بوون . بۆ نموونە:

١. (فانووس) و (ئەجیَ) ئەرمەنی بوون شەریک بوون بۆ ماوەی یەک دوو سال مانەوە شوێنەکەیان (بەردەرکی سەرا) بوو لە پێش شەڕی (٦) ی ئەیلوول .

٢. (نووری) جوولەکە بوو، لە تەنیشت مزگەوتی موفتی، بەرامبەر قوتابخانەی (فیصلیە) .

٣. (یەهوودا) . ئەمیش جولەکە بوو بەرامبەر حەوشی سەرا لە مالی حەسەنی دەولەت کە ئێستا بانقی رافیدەینە. لە حەوشەکەدا وێنەی دەگرت، هەر لەو مالەدا خنکانیدیان چونکە پارەیان پێ شک دەبرد (١١) .



شایەنی باسە یەکەمین وێنەگری شاری هەلەبجەش هەر، کە پیاوێکی ئەرمەن بووە بەناوی (ئاجیَ) یان (ئاجیَ لیڤۆن) ؛ لێرەدا بۆ یەکەمین جار وێنەکەی بلاو دەکەینەوە ئەویش هەر ئەرمەنی هەلەبجە بووە و یەکەم مەیخانەش هەر لە شاری هەلەبجە هەر ئەو دایمەزاردنووە. لە سالانی ١٩٣٠ یەکێک بووە لە وێنەگرە ناودارەکانی هەلەبجە و سلێمانی.


وێنەی مستەفا سائیب کە لە ١٩٢٩ لە تاران گیراوە


وێنەی ئاجی کە لە ستۆدیۆکەی خۆی گیراوە




ژەنڕال شەریف پاشا، لە ئەستەمبوڵ گیراوە



پیرەمێرد، لە ئەستەمبوڵ گیراوە






یادۆئاغا و چەکدارەکانی، لە ئەستەمبوڵ گیراوە



بەکامیرای وێنەگرێکی رۆژئاوایی گیراوە



بارەگای حزبی ئیتیحاد و تەرەقی لە ئەستەمبوڵ



ئاغایەکی کوردی باکوور بەکامیرایەکی ڕۆژئاوایی



# فۆتۆ لە ناو یەکەمین چاپەمەنییە کوردیەکاندا



ژین



دەنگی گێتی تازە

دیموکراتی

ڕونوسی وتەی سەرۆك

وەزیری بەریتانیا

یەکەمین رۆژنامە، یان گۆڤارێکی کوردی کە بۆ یەکەم جار وێنەی فۆتۆگرافی بڵاو کردبێتەوە بریتیە لە گۆڤاری (رۆژی کورد) لە ئەستەمبۆڵ لە ساڵی (١٩١٣) دا .

گۆڤاری ناوبراو، لە ژمارە (٣) دا لە (١٩١٣/٨/١)، وێنەیەکی فۆتۆی (حسێن کەنعان پاشای بەدرخانیەکانی) لەسەر بەرگی پێشەوەدا بڵاوکردۆتەوە . ئینجا لەژمارەکانی (٢) و (٣)دا وێنەیەکی صلاح الدین الایوبی و شارێکی کوردستان.

دووەم گۆڤاریش، گۆڤاری (هەتاوی کورد) بووە کە لە ١٩١٤ وێنەی فۆتۆگرافی بڵاوکردۆتەوە ئەویش هەر لە ئەستەمبۆڵ؛ دوای ئەمیش گۆڤاری (ژین) و (کوردستان) لە ئەستەمبۆل؛ بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافی (شەریف پاشا) و (ابراهیم الحیدری) و صلاح الدین الایوبی؛ لەپاش هەموو ئەمانە ئینجا گۆڤاری (دیاری کوردستان) دێت کە لە ساڵی (١٩٢٥) لەبەغدا فۆتۆی بڵاو کردۆتەوە.

بڵاو کردنەوەی فۆتۆ بەم شێوەیە لە گۆڤار و رۆژنامە کوردیەکانی دیکەدا، بەتایبەتیش لە کوردستانی عێراق لە ساڵانی (١٩٣٠) دا، لاسایی کرایەوە، وردە وردە بوو بە نەریتێک، یان ڕاستتر بڵێین : وەک تەکنیک و دەستاوەرد و ئامرازێکی رۆژنامەگەری پێڕەو کرا و پەرەی پێ درا.

دیزاینی هەر یەکێک لەو گۆڤارانە کاریگەریتی ئەو تەکنەلۆژیایەی بەسەرەوەدا دیارە کە لە ئەستەمبۆڵ هەبووە.

بەم شێوەیە دامەزراندنی چاپخانە لەلایەن کوردەوە، بەتایبەتیش چاپخانەکەی د. عبدالله جەودەت بەناوی چاپخانەی (اجتهاد) لە



ئەستەمبۆل، کە گۆڤاری (رۆژی کورد)ی لەساڵی (١٩١٣) پێ چاپکراوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ یەکەمین جار فۆتۆگراف لەناو گۆڤارێکی کوردیدا چاپ و بڵاوبکرێتەوە و هونەری دیزاینی گۆڤار شێوە و تەکنیکێکی تازە بەخۆ بگرێت.








کرد

تعاون وترقی غزته سی






# یەکەم وێنەگرە کوردەکان

یەکەمیـن وێنەگرێکی کورد کەلە کوردسـتاندا سـتۆدیۆی وێنەگرتنی دامەزراندبێت و هونەری فۆتـۆ و وێنەگرتنی لەناو کورداندا بڵاوکردبێتەوە و وێنەگرتنی کردبێتە پیشەیەک بۆ خۆی، بریتیە لە (محەمەد یووسف سدیق غەزنەوی ١٨٩٤ - ١٩٦٤).

محەمەد یوسـف غەزنەوی خەڵکی شـاری ئاکرێ بووە. لەسـەرەتادا لە بەغدا ژیاوە پاشان هاتۆتە مووسل، لە کۆتاییدا لە ئاکرێ نیشتەجێ بووە و ستۆدیۆیەکی وێنەگرتنی لەوێ کردۆتەوە. زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و هندی زانیوە. (١٢)

ناوبراو، یەکەم وێنەگری خاوەن ستۆدیۆ بووە، یەکەم وێنەکانی لە نێوان ساڵانی (١٩١٢- ١٩٢٠) لە بادینان دا گرتوە، گرنگترین ئەم وێنانەش کە ئەمڕۆ لە بەردەسـتی ئێمەدان، ئەمانەن: شـێخ عەبدولسـەلام بارزانی لە (١٩١٢ گیراوە)، سـوڵتان مەحمودخانی ئەفغانـی (١٩٢٠ گیراوە)، تەکیەی شـێخ عەبدولعەزیزی کوڕی شـێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٩٢٣ گیـراوە)، وێنەگر لەگەڵ لەبیبە فەندی و عەبدوڵا ئەفەندی (١٩٣٠ گیراوە)، خەجێ و بەیبین (١٩٣٣ گیراوە)، یەکەمین قوتابخانەی ئاکرێ (١٩٣٣ گیراوە). ئێمە کاتی خۆی ئەم وێنە ناوبراوانەمان لە گۆڤاری رامان دا بڵاو کردەوە.

بەم شێوەیە لەساڵی (١٩١٢) بەملاوە تا ناوەڕاستی سییەکان، محەمەد یوسف غەزنەوی، یەکەمین کوردە کە کامێرای وێنەگرتنی خۆر و ستۆدیۆی وێنەگرتنی لە کوردستاندا هەبووبێت. پێش حوسێن حوزنی موکریانی بەچەندین ساڵ.

مێژوونووسی پایەدار، حوسێن حوزنی موکریانی، پێشرەوێکی دیکەی هەرە چالاکی ئەم مەیدانەیە، ناوبراو، کاتێ لە (١٩١٥)دا لە

ئەڵمانیـاوە دەگەڕێتـەوە حەلەب، کامێرایەکی وێنەگرتن لەگەڵ خۆی دەهێنێت و لە ناو چاپخانەکەی خۆیدا لە ڕواندز دایدەمەزرێنێت و بۆ کاری وێنەگرتنی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەی وێنە لە ناو کتێبان سوودی لێ وەردەگرێت.

ئەکرەمی سـالحە ڕەشـە، دەڵێ: یەکەم ئامێـری وێنەگرتن لەلایەن حوسـێن حوزنی موکریانی و کابرایەکـی لوبنانییەوە هێنرایە سلێمانی شێخ لە تیفی دانساز لێی کڕین، لە زەمانی شێخ مەحمووددا بۆ ئیش و کاری خۆیان بەکاری دەهێنا وەک گرتنەوەی نووسین (استنساخ). دوایی ئەو ئامێرەی فرۆشت بە یەحیا ئەفەندی ڕەسام. ئیتر هەر ئەو بۆ وێنەگرتن بەکاری دەهێنا. (١٣)

بام حوسێن حوزنی لە سلێمانی کامیرایەکی تری فرۆشتبێتە شێخ لەتیفی دانساز. لە هەمان کاتدا کامیرایەکی دیکەشی لە ڕواندز (لە چاپخانەکەی خۆیدا) هەبووە بۆ کاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری و وێنەگری ئیشەکانی خۆی: چونکە دەبینین حوسێن حوزنی موکریانی لە سالآنی (١٩٢٦-١٩٤٢) دا دەیان ڕەسم و وێنەی فۆتۆگرافی لە ڕۆژنامە و کتێبەکانی خۆیدا بڵاوکردۆتەوە.

بەم شێوەیە، ح.ح موکریانی، کە دەستێکی باڵای لە نیگارکێشی و دیزاین و ڕەسمکردندا هەبووە، یەکەمین ئەو کەسانە دەژمێردرێت کە هونەری دیزاینی مۆدێرن و هونەری وێنەگرتنی لە کوردسـتاندا بڵاوکردۆتەوە. ڕاستیەکەیشـی، بە (باوکی هونەری دیزاین لە کوردستان) دەژمێردرێت.

بـۆ تۆژینـەوە لە هونەری دیزاین و قۆناغەکانی پەرەسـەندنی هونـەری دیزاین و چاپەمەنی، بەرهەمەکانـی (ح.ح. موکریانی) بە قۆناغێکی گرنگ و دەوڵەمەند دەژمێردرێن.





هەندێ لاوانی کۆیە و ڕەواندز ل ساڵی ١٩٣٧ گیراوە:
تاهیر ئەحمەد حەویزی، جەلال سەعید، جەمال خورشید، مەجید محەمەد، ئەحمەد عەلی ئیبراهیم



عەبدوڵلا گۆران لە ناوەڕاستی کۆمەڵێک گەنجی ڕۆشنبیر و کۆمۆنیست (کۆتایی ساڵانی پەنجا)



# یەکەمین وتاری کورد لەبارەی هونەری فۆتۆ





حوسێن حوزنی موکریانی، نەک تەنیا بە کردەوە و پیشە، بەڵکو بە نووسین و وتار نووسینیش، ویستویەتی ئەم هونەرە شارستانییە دانسقەیە، کە تازە گەیشتوتە کوردستان بە خەڵکی خوێندەواری کورد بناسێنێت؛ ویستویەتی وا لە خەڵک بکات کە بایەخ بەم هونەر و پشەیە بدەن، لێی تێ بگەن، چێژی لێ وەربگرن، فێری بین و سوودی لێ وەربگرن، بۆ ئەم مەبەستە هاتووە لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (زاری کرمانجی) دا لە ساڵی (١٩٢٦) لە ڕواندز، وتارێکی بە ناونیشانی (عەکاسی کۆلان) نووسیوە، (عەکاسی کۆلان) واتە (وێنەگرتن بەشێوەی هەڵکۆلین). دوا بەدوای ئەوەش لە ژمارە (٢٠)ی ڕۆژی (١٩٢٩/٨/١٧)دا وتارێکی دیکەی بەهەمان مەبەست لە لاپەڕە (١٠-١٢)دا بە ناونیشانی (مێژووی عەکاسی و فرووعاتی) بڵاوکردۆتەوە.

ئەم دوو وتارەی حوسێن حوزنی موکریانی بە یەکەم دوو وتار دەژمێردرێن کە لە مێژووی نووسینی وتاری ڕۆژنامەنووسی تەرخان کرابن بۆ باسکردنی هونەری فۆتۆ و پیشاندانی بایەخی هونەری فۆتۆگرافی و وێنەگرتن و دیزاین.

لەم دوو وتارەدا، حوسێن حوزنی موکریانی، بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی تیۆری و زانستیانە تەکنیکی فۆتۆ و کەرەستەکانی وێنەگرتن و نهێنیەکانی کامێرای وێنەگرتن و مێژووی ئەم هونەرە بۆ کورد ڕوون دەکاتەوە، دەیان زاراوە و وشەی تازەش لەبارەی تەکنیکی فۆتۆگرافی و هونەرەکە دەخاتە ناو زمانی کوردییەوە و زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکات.

ئەمانە گرینگترین ئەو زاراوانەن کە حوسێن حوزنی خستوونیەتیە ناو زمانەکەمان: ڕەسمی ئەچهری، مصەور، عەکس، صنعەتی چاپ و کلێشە، چینکۆگرافی، لیتۆگرافی، فۆتۆگرافی..



حوسێن حوزنی مامۆستای ئەم بوارە، لەبارەی مێژووی سەرهەڵدانی ڕەسم لە کوردستاندا و وێنەگرتن لای کورد لە سەردەمە دێرینەکاندا، لە ڕۆژی (١٩٢٩/٨/١٧) لە ژمارە (٢٠)ی گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا، لەوتاری (مێژووی عەکاسی و فروعاتی)دا دەڵێ: (لە عەسری پێش ئیسلامدا کوردەکان خانوویەکی تاریکیان دروست دەکرد و کونێکی چکۆلەیان تێدا دەهێشتەوە. پیاوێکی عەکسیان وەرگرتبایە، لەبەر ئەو کونەیان دوور ڕادەگرت، ڕەسسام لە ڕۆژی ئەو خانوودا ڕەسمی دەخستە سەر چتێکی مەقلوب و بەقەڵەم خەریکی دەبوون).

ئەم قسەیەی ح.ح . موکریانی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە گەلی کورد پێش ئەوەی هێشتا کامێرای وێنەگرتن لەئەورووپا دروست بکرێت، هەر لەسەردەمی پێش ئیسلامەوە بایەخی داوەتە (ڕەسم کردن) بەو شێوازە ساکارو سادەیەی ئەو سەردەمەی خۆی، بەقەولی ح.ح. موکریانی، ڕەسم کردن و نیگار کێشان، لای کورد، بۆ پێش سەردەمی ئیسلام دەگەڕێتەوە.

حوسێن حوزنی موکریانی یەکەمین نووسەری کوردە کە وێنەی (Photo)ی لە کتێبی کوردیدا (لە کتێبێکی خۆیدا) بڵاوکردبێتەوە، ئەمەش لەکتێبی (غنچەی بهارستان) لەساڵی (١٩٢٥) کە لە شاری حەلەب بڵاوکراوەتەوە. ناوبراو وێنەیەکی خۆی لەلاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەدا بڵاوکردۆتەوە.

دوای ئەوەش لەساڵی (١٩٢٨) لە دوو کتێبی (ترازان) و (خیوەی ڕازان)دا کە بریتین لە کۆمەڵێک چیرۆک و سەربهوردی منداڵان و لاوانی قوتابخانەکان، ژمارە (١٢)ی گۆڤاری (زاری کرمانجی) لەڕۆژی (٢٥) کانوونی دووەمی (١٩٢٨) پڕۆپاگەندەی بۆ ئەم دوو کتێبە وێنەدارە کردووە.

هەر حوسێن حوزنی، یەکەمین نووسەرە کە کتێبێکی سەربەخۆی تەرخان کردبێت بۆ قسەکردن لەبارەی ئەم هونەرە ڕوونکردنەوەی ڕێگاکانی چۆنیەتی وێنەگرتن و نهێنیەکانی بەکارهێنانی کامێرای وێنەگرتن، هەروەها ناساندنی دیزاین و تەکنیک و پیشەو هونەری فۆتۆگرافی بەکورد، ئەم کتێبە بەناونیشانی (وێنەگەری کۆلین) لە کانونی یەکەمی (١٩٣٤) دا لە ڕواندز چاپ و بلاوکراوەتەوە. لە (٩٥) لاپەڕەی قەوارە ١٤×٢٢سم.

کتێبەکە (٢٥) تابلۆی تەختیتی تێدایە کە ئامێرەکانی نیگارکێشان و لیتۆگرافی و گراڤوورو زەنگۆگرافی و فۆتۆگرافی پیشان دەدات لەگەڵ قۆناغ بە قۆناغ چۆنیەتی بەکارهێنانیان.

ئەم کتێبە، دیسان دەیان زاراوەی تازەی خستۆتە ناو زمانی کوردیەوە: کۆلۆدیۆن، شوشەی بەهەست، دووربین، فەنەر، ڕەحەتی، بەتاریە، ڕتووش، تیرۆک، ئەسپرتۆ، مەرەکەبی تەڕ، کۆلانی بەتیشک..

موکریانی، لەلاپەڕەیکی پێشەکی کتێبەکەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن و لەکوێ ئەم هونەرە فێربووە، دەڵێ:

((لەوەختی گەران و سووڕانەوەم بەدیاری بیانیاندا، ورد بوومەوە، خۆمانم لە صنعەت و فەندا پاشکەوتوو دەدیت، لەسەر خۆ بەپێویست زانی فەنی کلێشەی کۆلی فێر ببم، یەکەمین جار لە ئەستەمبوڵ لای ئەلمانەکان بەهۆی کوردەکانەوە ڕێگەی قیل و فۆتۆلیتۆگراف فێر بووم، لە حوجاز و شام و حەلەب، بەو جۆرە کارم دەکرد، بە مەتبەعەی مارۆنیەکەی حەلەب لەلای مودیرەکەی کە سەلیم مەطەر ئەفەندی بوو کۆششم کرد و نزیکەی سی لیرە دراوم خەرج کرد و ڕێگای قیلم سەرخست. بەهۆی چەند کوردێکی



ومیسرەوە، نزیکەی سەد لیرە ئیستفادەی لێ کردم، ڕێگای دووەمی کۆلۆدیۆن و هەستی فێرکردم. لە بەیروت لەلای قاهیر تنێر، لە شام لای (حناوی) لە مصر لای (الورشه المصریه) و لە پاریس لای خاوەندی (دی پاریزیان De Parisienne) لەم فەنەدا پێیان گەیاندم. منیش بەزانین و تاقی کردنەوە کردمە کتێب)).

چاپکردنی ئەم یەکەمین کتێبە لەبارەی هونەری ڕەسم و فۆتۆگرافی، بێگومان دەبێ وەرچەرخانێکی گرنگ و سەرەتایەکی تەکاندەر بووبێت لەم بوارەدا، زۆربەی وێنەگر و خاوەن ستۆدیۆکان سوودیان لێ بینیبێت.

لەئاستی زاراوە ناسی و زاراوە سازیدا، تێبینی ئەوە دەکرێت کەلەو سەردەمەی سالانی (١٩٢٠-١٩٣٠) دا جاری - لەبەر ئەوەی (فۆتۆ – Photo) تازە سەری هەڵداوە – هێشتا جیاوازی ناکرێت لە نێوان فۆتۆ و (نیگار – Tableau) بۆ نمونە شێخ نووری شێخ سالح (١٨٩٦-١٩٥٨) لە شیعرێکدا وشەی (مصور)ی بۆ وێنەکێش بەکارهێناوە، کە ڕاستیەکەی ئەمڕۆ (مصور) بۆ (وێنەگر) بەکاردێت نەک بۆ وێنەکێش / نیگارکێش. بەهەمان شێوە دەبینین، ڕەسم، تابلۆ، عەکس، تەصویر، عەککاس، نەقاش.. بەشێوەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ لای نووسەرانی سالانی (١٩٢٠ – ١٩٣٠) بەکارهاتوون.



جەلادەت و سورەیا و کامەران، لە بەیروت گیراوە




مستەفا پاشا یامولکی، لە ئەستەمبۆل گیراوە



مصەوورێ کە لە دارالفنوونی قودرەتی حەق بە فرطی عیلمەوە مەنزوونە بە تەزیینی جیهان صەحائفی هەمەڕەنگی جیهانی بەدەستەوە. وا خەریکی رەسمە. فەقەت رەسمی عالەمی ئیمکان.(١٤)



نەجمەدین مەلا

پێویســتە ئاماژە بەمەش بدەین کە شــێخ نووری شــێخ سالح (١٨٩٦- ١٩٥٨) یەکەمین نووسەری کوردە کە بۆچوون و تەنزیران لەبارەی هونەرە جوانەکان بخاتە روو. لەســاڵی (١٩٢٦) شــێخ نووری شێخ سالح لە سلێمانی، لە ژمارە (٢١) و (٢٤)ی رۆژنامەی (ژیان) بە ٢٥ ئەلقە، هەموو بەشــەکانی هونەرە جوانەکان (صەنایعی نەفیســە): نیگارکێشــان، مۆســیقا، پەیکەرتاشــی، بیناسازی وێنەگری) شیدەکاتەوە، لەم بارەیەوە بنچینەی داهێنانی وێنە (فۆتۆ) دەگەڕێنێتەوە بۆ بەهرەی فۆتۆگرافەر (وێنەگر) خۆی، نەک ب سروشت و دنیای دەرەوە لەم بارەوە دەڵێ: ((ئەوەی لەرۆحی ئێمەدا حسێکی بەدیعی حاصڵ بکا ئەوەیە کە لەدەستی مەهارەتێک و صنعاتکارێک دەربچێ، یەعنی هەموو وەقتێک ئەوەی کە هەیەجانێک بۆ ئێمە حاصڵ ئەکا رەسم و مۆسیقا نیە بەڵکو ئەو صنعا و مەهارەتیە کە قیمەت ئەدا بەمانە)).

هەروەها لەبارەی پەیوەندی ئەدەب بە وێنەوە دەڵێ: (ئەو تەئسیرەی کە لە قسەیەکی جوان بۆمان حاصڵ ئەبێ لەگەڵ چاوپێکەوتن لەوحەیەک و بینایەکی جوان و گوێ لە مۆسیقاگرتنێکی خۆش عەینی تەئسیرە).

ئاگامان لێیە کە لەســاڵی (١٩٢٦) لەناو سیســتەمی پەروەردەی هەولێردا لیژنەیەک بەناوی (لیژنەی فەن و تەمسیل) دروستکراو یان (لیژنەی فنونی جەمیلە). هەروەها، بەپێی سجلاتی کۆنی پەروەردەی هەولێر، وانەی لیسانی و فەرەنسەوی و مۆسیقا و رەس و ئاڵ ئیشلەری و تەربیەی بەدەنی و حوسنی خەت دەخوێندرا. کەواتە، دەرسی هونەرە جوانەکان بەشێک بوون لە پێداویستیەکان خوێندن و پەروەردە لە هەموو شــارەکانی دیکەی کوردســتان و عێراقدا: قوتابیان فێری هونەرە جوانەکان کردووە. لەوەش دەچ



لەوکاتــەدا پێشــانگا و میهرەجانی هونــەری قوتابیان کرابێتەوە. میهرەجانە هونەریەکانی ســلێمانی لەســاڵانی (١٩١٠) و (١٩١٢) بەولاوە پەیدا بوونە. لە هەولێریشدا لەساڵانی (١٩٢٠) بەملاوە.

دوای کۆچی دوایی ح.ح موکریانی، نووسەری پایەدار، بەهەشتی گیوی موکریانی، درێژە بەرێگا جوانەکەی ئەو دەدات. بەهەمان شــێوەی ئــەو، بایــەخ بەم هونەرە شارســتانیە دەدات؛ تەنانــەت بەکامێرای خۆی چەندیــن دیمەنی زیندووی ژیانی کوردســتان و شەخســیاتی گەلەکــەی خۆی لــە فەوتــان رزگار دەکات و دەیانگرێتە چوارچێوەی زینــدووی فۆتۆگرافەوە. بەشــێکی زۆری وێنە نایابەکانی شــاری هەولێر و نووســەرەکانی کوردستان لە ساڵانی (١٩٢٠ – ١٩٥٠) بەکامێرای بەهەشتی گیوی موکریانی گیراون. تا ئێستاش ئامرازەکانی وێنەگرتن و کامێراکەیان هێشتا هەر لەچاپخانەکەیاندا پارێزراون.

گیوی موکریانی، جگە لەوەی کە ئەویش رۆڵی هەبووە لە مێژووی هونەری فۆتۆگرافدا، لە بەستێنی هونەری دیزاین و نەخشەسازیی چاپەمەنیشــدا رۆڵی هەبووە و مامۆســتایەکی رێبەر بووە لە هونەری دیزاینی ســاڵانی (١٩٤٠) تا (١٩٦٠). دەیان کتێب و گۆڤاری ساڵانی پەنجاکان ئەو - خۆی دیزاین کردووە.

گیوی موکریانی قۆناغێکی گرنگە لە مێژووی دیزاین لە کوردستان.





خاوەنی ستۆدیو کەمال لە سالانی شەستەکان، کەمال داود، برای جەمال داود



# فۆتۆگراف و پۆستکارت






لەسەدەی بیستەمەوە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک و راستەوخۆ، سەبارەت بە پێداویستیەکان و دۆخی ژیان خۆی، لەلایەکی دیکەشەوە لەسـۆنگەی ئەوەی کە لە سـەدەی بیستەم بەملاوە هونەرەکان تێکچرژانە ناو یەکترەوە. فۆتۆ رۆچوە ناو پۆستە و پۆستخانەکان و خۆشگوزەرانی خەلک و ژیانی تووریزمەوە.

کـەس بەبیـری نایـێ: یەکەم کەس کێ بوو یان یەکـەم دەزگا کامە بوو، لەکام ولات، کەی. کە بۆ یەکـەم جار وێنەی فۆتۆگرافی چاپکراوە لەسەر رووی کارتێکی بچکۆلەی بەقەد کیسەی نامەیەکی بەرید: ئینجا تۆ ئەوە بێنیت لەپشتەکەیدا بیرەوەریەک یان چەند قسـەیەکی خۆشەویـستی و سۆزناکی ئەوتۆی لەسەر بنووسـیت بۆ ئەوەی خۆت وەبیر ئەو کەسەی بۆی دەنوسیت بیر بهێنیتەوە یانیش بەو مەبەستەی جەژنە پیرۆزەی بۆنەیەکی لێ بکەیت.. ئینجا پوولێکی لێ بدەیت و بچیتە پۆستەخانە رەوانە بکرێت.

ئەم نەریتە شارستانیە ئەگەرچی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم سەری هەلدا بەلام لەگەل سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەوروپا گەشەی سـەندو بووە نەریتێک، هەر رۆژئاواییەک ئەگەر سـەفەری ولاتێکی رۆژهەلاتی بکردایە، لەو ولاتەوە پۆسـتکارتێکی لەبارەی دیمەنێکی ئەو ولاتەوە یان شێوەی سەر و پۆتەلاکی میللەتی ئەو ولاتەی لەشێوەی پۆستکارتێک، لەرێگای پۆستەوە، دەنارد بۆ ئازیزێکی خۆی لە ولاتەکەی خۆیدا، ئەمەش چونکە زۆربەی ئەو دیمەن و سـەر و سـیما و شـێوەی ژیانی ئەو خەلکەی کە تازە دیویەتی، بۆ خۆیشی و بۆ ئەو کەسانەش کە پۆستکارتەکەی بۆیان دەنارد نامۆ و تازە بابەت بوون، دلیان بەو پۆستکارت و دیمەنە سەمەرە و تازانە دەکرایەوە.

ئەمـرۆ ئەمەتـا وەک لێرەدا پیشـانمان داوە، ژمارەیەکی زۆر لەو فۆتۆگرافانەی کە خەلکـی ئەوروپا بۆ یەکتریان ناردووە، بریتیز



لـەو وێنـە و دیمەنانـەی کە پەیوەندیان بە ژیانی کوردەوە هەیە بەتایبەتی لەکوردسـتانی تورکیای عوسـمانیدا کە ئەوکاتە، دیارە، کوردستان جێگەی گەشت و گەرانی خەلکی ئەوروپا بووە. راستیەکەیشی، ئەم پۆستکارتانە ئەمرۆ، جگە لە بایەخە هونەرییەکەیان، بایەخێکی مێژوویی و کۆمەلایەتیشیان بۆ ئێمە هەیە، بۆ خوێندنەوەی ژیانی کورد لەو سەردەمەدا.

پێم وابێ ئەرمەنیەکان لە ئەستەمبۆل و لە رۆژهەلاتی تورکیای عوسمانیدا یەکەمین نەتەوەیەک بوون کە ئەم دیاردە شارستانیەیان لە کوردستانیشدا بۆ یەکەم جار بلاوکردبێتەوە.

هەلبەتـا دیارە پاشـان، دوای ئەوەی بەرید و پۆسـتەخانە لەولاتی رۆژهەلاتیشـدا بەگەر کەوت، ئـەم دیاردەیە لای ئێمەش بووە نەریتێک.

من پێم وایە مێژووی یەکەمین پۆسـتکارتەکان لە کوردسـتانی عێراقدا بگەرێنەوە بۆ کۆتایی سالانی پەنجاکان کاتێ لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا بەهارێکی کەم خایەن کوردستانی گەشاندەوە (چەند پۆستکارتێک لێرەدا پێشچاو خراون بەلگەی راستبوونی ئەم بۆچوونەن). پاشـانیش لە سـەرەتای سـالانی حەفتاوە پۆسـتکارت تەکانێکی بەهێزتری داو گەشەی سەند، ئەمەش لەئەنجامی هەسـتی ناسیونالیسـتانەی ئەو سـەردەمە، بۆیەش دەبینین کەلەقۆناغی سەرەتادا، تەنانەت تا سـالانی هەشتاکانیش، پۆستکارتە کوردیەکان بریتین لە ناوەرۆکی نەتەوەیی و جوانی دیمەنەکانی کوردستان کە خەلک بۆیەکتریان ناردووە.

لە کوردسـتاندا، بەداخەوە، ئەمرۆش هەر ناوەرۆکی پۆسـتکارت، هەروەک جاران (وەک سالانی هەشتاکان) هێشتا هەر بریتیە لە تاقگەی

گەلی عەلی بەگ و ئەحمەد ئاوا و دیمەنە سروشتیەکان و هەندێ بابەتی سادە و رووکەشی نیشتیمانیمان (تەنانەت شوێنەوارناسی و نەخ
و میعمار و هونەر و کەلەپوریشـمان فەرامۆشـکردووە). ئەمە لەکاتێکدا لەولاتانی پێشـکەوتوودا هونەری پۆسـتکارت رۆڵێکی گرنگی د
لەپەرەپێدان بە توریزم و ریکلام کردن بۆ شوێنەوارەکانی ئەو وڵاتانەی خۆیان، لەوڵاتەکانی ئەوروپاشدا، جگە لەو دووخاڵەی باسمان ک
هونەری پۆستکارت هاتۆتە ناو ژیانی ئیرۆتیک و سێکس و کۆمیدیا و کولتوورەوە، هونەرێکی ئەوتۆیە کە بەشێوەیەکی هێند پێشکەوتوو
و فراوان هاتۆتە ناو مەسەلە و دیاردە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سەردەمەوە کە خەریکە شان لە شانی فۆتۆگراف و شێوەکاری دەدا.


**سەرچاوەکان:**

١: "N. Art news" years of photography. ٤. ٧. ٨٨. April ١٩٨٩.

٢: N. fouad LAroui : photographie. in "jeun Afirque". ١٣٢١. paris: ١٩٩٨. P. ٥٨

٣: N. Les photographies. ces documentes? In TDC. ٦٥٢-٦٥٣. Paris: ١٩٩٣

٤: photographie. in Larousse. doctionnaire encyclopedique. Paris: ١٩٧٩. P. ٨٦-٨٧

٥: UN Petit Manuel PratiQue Pour Le Cine – Amateur. Gevaert. Paris: ١٩٨٥

٦: Henry BINDER: Au Kurdistan. Maison Quantin. Paris: ١٨٨٧

٧: Le cte DE CHOLET: Armenie. Kurdistan et MesoPotamie. Libc Relation dun Voyage du Levant. Imp. Royale. Paris: ١٧١٧.

٩: دبليو .ار. هی: سنتان فی کردستان ١٨-١٩٢٠، ترجمه: فؤاد جميل، الجزء الاول الهانی، مكبعه الزهراء، بغداد: ١٩٧٣

١٠: ئەکرەمی مەحمودی سالحەرەشە: شاری سلێمانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، د.ر.ب.ک. (١٦٥)، بەغداد: ١٩٨٧، ل٤٩٧.

١١: م.س.، ل٤٩٧.

١٢: جولە حاجی عومەر: بازێری ئاکری دریکا چەند وێنەکێن فۆتۆگرافی دا، لێکۆلینەوەی دەرچوونی پۆلی چوارەمی بەشـی کوردی لەکۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سـەلاحەدین بۆ سـالی (١٩٩٧-١٩٩٨) هەلبژاردن و سەرپەرشتی بابەت
فەرهاد پیربال، هەولێر (١٩٩٧).

١٣: ئەکرەمی سالحە رەشە، ه.ل.

١٤: دیوانی شێخ نوری شێخ سالح، ئازاد عبدولواحید کۆی کردوتەوەو لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، د.ر.ب.ک.، بەغدا (١٩٨٩)، ل٢٠٣.

* زۆر سوپاس بۆ هێژا (ئازاد گێوی موکریانی) کە بەو پەری دلسۆزیەوە بەتەنگ داخوازیەکانمەوە هات و لەکەرستەکانی ئەم وتارەی خستە بەردەستم.








چای خوش رنگ خوش طعم
چای بارزان
خالص ٥٠٠ گرم
HAMTA
TEA
NET 500 Gra




Mercredi 14/9/04- Chère Mademoiselle - Vous






ره وتي ئه‌ره بانجيكاني سليماني نه‌وروزي
١٩٥٩
ARMED STRUGGLE
FOR AUTONOMY




Kurde noble



پۆستكارتێك بۆ ڕێكلام كردن بۆ (شووتی دیاربەكر)







# مێژووی یەکەمین چاپخانە کوردیەکان



میجەر سۆن



حسین حوزنی موکریانی ١٨٩٣-١٩٤٨

**زۆر ترسم لێ نیشتووە**
**٥٢٥ ساڵ لەمەوبەر پێش**
**کاتێ گۆتەنبێرگ چاپی داهێنا**
**لەدوای خۆی وەسیەتی کردبێت کە**
**نابێت**
**نەتەوەی کورد**
**چاپخانەی هەبێت.**

حافظ مصطفی

مودیری مەسئولی گۆڤاری (هیوا)

ژ٧.ک ٢ ١٩٥٨.ل٤

له سەدەی حەڤدەهەم بەملاوە ئاسوری و عوسمانیەکان، له سەدەی هەژدەهەم بەملاوە ئەوروپاییەکان، له سەدەی نوزدەهەمیش
بەمـلاوە ئەرمەنیـەکان هاتوون زمانی کوردیان خسـتۆتە دەفری چاپەمەنی و بلاوکردنەوە، کورد – بۆ خۆی، تا کۆتایی سـەدە
نۆزدەهەم هەر نەشی زانیوە چاپخانە چیە: ناوی چاپخانە و رۆژنامە تەنیا لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆییدا وەدیار دەکەوێ
له کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەڵێ:

**لەدەوری ئێمە رۆمان و جەریدە**

**ئەگەرچی مەقصەدە و زانینی باوە...**

سەرهەڵدانی یەکەمین چاپخانە کوردیەکان پەیوەندی بە دوو هۆکارەوە هەیە، یەکەم: بەو ئازادی و توانابیەی کە روناکبیری کو
له دەرەوەی کوردستاندا له دوورەولاتیدا (واتە لەدەرەوەی دەسەلاتی عوسمانی و ئێرانیدا) له کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا وەدەس
دێنێ، دووەم: بەو ماف و ئازادیەی کە کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز لە بیسـتەکانەوە دەیبەخشـێتە کوردی کوردسـتانی عێراق بۆ ئەوە
چاپخانەی هەبێ، ئەمەش چونکە بەدرێژایی مێژوو، روناکبیر و نوسەرانی کورد، بە فیۆداڵەکانیشەوە، تا سەرەتای سەدەی بیست
له کوردستانی عێراقدا مافی ئەوەیان نەبوو چاپخانەیان هەبێت و بە زمانی کوردی کتێب یان رۆژنامە و گۆڤار چاپ بکەن.
چاپخانە جەماوەرێکی خوێندەواری دروست کرد، خوێنەری کتێب و گۆڤار و رۆژنامەشی زیاتر کرد: چونکە لە بنەڕەتەوە تیراژ
کتێب و چاپەمەنی زیاتر کرد، ئەدەبیاتی لە چوارچێوەی مەلا و شـێخ و فەقی و مەولاناکانەوە گواسـتەوە بۆ چوارچێوەی فراوا



هەموو رۆڵەیەکی نەتەوە، چاپخانە ئەدەبیاتی لەدەسـت مەلا و سـەربژاردەی (کۆمەڵگەی موسـڵمان) سەندەوە دایە دەست هەموو فەردێکی کۆمەڵ، بۆیە دەبینین: جاران ئەگەر شـاعیر تەنیا مەلا و شـێخ و مەولاناو حاجی بووین، ئەوا لە سـەردەمی نوێدا شاعیر زۆربەیان لە مامۆستا و تەڵەبە و فەرمانبەری نفوس و کاسب و کرێکار و جوتیارن.

ئەمە جگە لەوەی کە پەیدابوونی چاپخانە لەکوردسـتاندا بووە هۆی سـەرهەڵدانی رۆژنامەگەری و پەرەسـەندنی چاپەمەنی، جگە لەمانـەش بـووە هۆی لەدایک بوونی تەکنیکی مۆدێرن لە بەسـتێنی هونەری دیزاین و نەخشەسـازی چاپ و رۆژنامەگەری، دوای هەموو ئەمانەش بووە هۆی بووژانەوەی هونەری فۆتۆ و نیگار.

تەنیا پاش سەرهەڵدانی چاپخانە لە کوردستاندا ئێمە دەتوانین باس لە هونەری فۆتۆگراف و هونەری دیزاین بەشێوە مۆدێرنەکە بکەین، چونکە جاران دیزاین تەنیا بەشـێوەی دەسـت بوو، لەشـێوەی رازاندنەوەی کتێب و کەشـکۆل لەرێگەی دەسـتەوە، چنین و دورمان و رازاندنەوە و نیگاراندن (میناتۆر). ئەمە لەکاتێکدا لەگەڵ سـەرهەڵدانی هەر چاپخانەیەکی تازە لە کوردسـتاندا، هونەری دیزاین قۆناغێکی تـازە دەبرێـت و چەند هەنگاوێکی دیکە دەچێتە پێشـترەوە، بۆ نموونە هونەری دیزاین لە رۆژنامەی (پێشـکەوتن ١٩٢٠) لەچاو دیزاینی رۆژنامەی (کوردستان ١٨٩٨) پێشکەوتووترە، هونەری دیزاین لە گۆڤاری (هاوار ١٩٣٢) لەچاو گۆڤاری (کورد ١٩٠٨)پێشکەوتووترە.

نووسـەرانی وەک حاجی و پیرەمێرد و حسـێن حوزنی موکریانی ئەم راسـتیە جۆراوجۆرانەیان باش درک پێ کرد بۆیە بەگەڕخستنی چاپخانەیان هێندە لەلا گرنگ بوو، شێخ نووری شێخ سالح لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠دا دەڵێ:

**وا تێمەگەن کە مەطبەعە بێ قەدر و قیمەتە**

**کارێزی عیلم و مەعریفەتی پێ ژیایەوە**

هەروەها روناکبیرێکی دیکە لەگۆڤاری (رۆژی کوردستان) ساڵی ١٩٢٢، ژ٨،ل٣، لە (وتاری ماکینەی چاپ) دەڵێ: (ئەو میللەتە ئەگەر ماکینەی چاپی هەبوو، ئەتوانێ لەهەموو نەوع عیلم و فەن، تالیف یا تەرجەمە بکات و چاپ بکرێ و لا اقل لەهەفتەیەکدا ٣ دەفعە غەزەتەی پێ دەربکا)؛ (میلەتێ کە مەطبوعاتێکی نەبێ، کە ببێ بەواسیطەی إسپاتی ژیان و مەوجودیەتی میللیەی ئەو میللەتە، لەناو میلەل و ئەقوامی سایرە بۆ ئەوە ناشێ پێی بڵێن میللەت).

لەم چەند دێرەی خوارەوەدا دەمانەوێ مێژووی یەکەمین چاپخانەی کوردی ببەستینەوە بە یەکەمین رۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانەوە:



بەکامێرا و جل و بەرگی (گیوی موکریانی)



**'.چاپخانەی میقداد- مەدحەت**

مارەی یەکەمی رۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ لە قاهیرە لە چاپخانەی عارەبان، لە چاپخانەی هیلال چاپکراوە، هەروەها ژمارەی دوو سێشی، بەڵام لە ژمارە چواری ئەو رۆژنامەیەدا نووسراوە کە (کوردستان) لە چاپخانەی سەربەخۆی رۆژنامەی (کوردستان)دا اپکراوە (المصرێ ل مطبعا جریدەیا کوردستانێ طبع بیە) ژمارە پێنجیش لەهەمان ئەو چاپخانە کوردیەی میقداد-مەدحەت دا.

لەم دووژمارەیەی رۆژنامەی ناوبراودا هیچ باسێک لەبارەی چاپخانە و دامەزراندنی چاپخانەیەکی سەربەخۆ بۆ رۆژنامەکە کراوە، بەڵام لەوە دەچێ کە میقداد مەدحەت بەدرخان لەو ماوەیەدا بەراستی چاپخانەیەکی سەربەخۆی بۆ بڵاوکردنەوەی وردستان کریبێت.

لەهەمان دەوروزەمانیشدا، فرج الله زکی الکردی، کە دیارە رۆشنبیرێکی بەنەژاد کوردی میسر بووە، چەند کتێبێکی بەزمانی ەرەبی چاپکردووە و لەسەر هەر یەکێکیان نووسیوە (مطبعە کردستان). ئێمە پێمان وایە ئەم دوو چاپخانەیە هەمان شت نین، ەڵام نەشمان توانیوە بزانین ئەو چاپخانەیەی زکی الکردی چی بووە؟

شایانی باسە، ئەو چاپخانەی جوانە مەرگەی میقداد – مەدحەت بەدرخان تەنیا دوو ژمارەی ٤ و ٥ی رۆژنامەی کوردستان پێ اپکراوە و بەس، چونکە دوای ئەوە میقداد مەدحەت دەگیرێت و دەگەڕێتەوە ئەستەمبۆل، دیارە چاپخانەکەشی دەستی بەسەر دەگیرێت و لەناو دەچێ، بۆیە دەبینین ژمارە ٦و٧و٨ تا ١٩ لە (مەطبەعا جەمعیەتا تفاق و قنجیا مسلمانان گبع بیە) لە ژنێف،




ئەمەش لەلایەن برای ناوبراو، عەبدولرەحمان بەدرخان (١)

هەر چۆنێک بێ ئەگەر برایانی بەدرخان و رۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨ – ١٩٠٢ سەربەخۆیان هەشبوبێت، راستە بەیەکەمین چاپخانەی کوردی لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام زوو جوانە مەرگ کراوە و بەرووبومێکی ئەوتۆی نەبووە لەژمارە ٤ و ٥ زیاتر.



## ٢. چاپخانەی ئیجتیهاد ١٩٠٤

روناکبیری کورد، د.عەبدوڵڵا جەودەت ١٨٦٩ – ١٩٣٢، کاتێ لە دووره وڵاتدا ژیاوه لە ژنێف، لە رۆژی ١٩٠٤/٨/٤ یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئیجتیهاد بەو چاپخانەیەی خۆی بڵاودەکاتەوه لەشاری ژنێف لە سوسرا، هەروەها هەر لەرێگەی ئەم چاپخانەیەشەوه بڕۆژەی بڵاوکردنەوەی زنجیره کتێبێک دەگرێتە ئەستۆی خۆی، بەزمانی تورکی عوسمانی و فەرەنسی، کە تارۆژی مردنیشی هەر ابوو.

لە ١٩٠٤/١٠/٣٠ بەفەرمانی باڵوێزی عوسمانی لە ژنێف بڕیاردەدرێت کە لە ژنێف دەری بکەن، ئیدی ناچار دەبێ لە ١٩٠٤/١١/٣ چێتە شاری لە فەرەنسا، عەبدوڵڵا جەودەت کە هەموو سامانی خۆی خستبووه گەڕی ئەم چاپخانەیە، ئەم دەرکرانەی لە سویسرا ۆستێکی سەخت بوو، لەم ماوەیەدا ١٢ کتێبی نایابی بەهەردوو زمانی فەرەنسی و عوسمانی چاپکردبوو.

ەبدوڵڵا جەودەت لەفەرەنساش راوەدونرا، لەساڵی ١٩٠٥ دا چاپخانەکەی برده قاهیره، تاکو ساڵی ١٩١١ چەندین کتێبی بەزمانی وسمانی بەچاپ گەیاند، جگە لە گۆڤاری ئیجتیهاد. پاشان، دوای لەناوچوونی سوڵتان عەبدولحەمید و راگەیاندنی شۆڕشی ەشروگە ١٩٠٨، گەڕایەوه ئەستەمبۆل و لە رۆژی ١٩١١/٦/١٤ بەملاوه دەستی کرده سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی ئیجتیهاد و مارەی ٢٤ ی دەرکرد.

ڕژێمی تازەی تورکە لاوەکان، لەهەمان ساڵدا، کتێبی (مێژووی ئیسلام)ی نووسراوەی عەبدوڵا جەودەت قەدەغەدەکەن و کتێبەکەی دیکەشی دەسوتێنن و فڕێیان دەدەنە ڕووباری ئەستەمبۆلەوە، پاشانیش لە هاوینی ١٩١٣ دا چاپخانەکەی لێ زەوت دەکەن. (٢)

لەسـاڵی ١٩١٤، دوای وەرگرتنەوەی چاپخانەکەی، ناوی گۆڤارەکەی دەکاتە (اشـتهاد و پاشـان (عالم) پاشـان (اشهاد). ئینجا ل ١٩١٥/١١/١٢ دوایـن ژمـارەی (اجتهاد)، ژمـارە ١٢٧ دەردەچێت، ئیتر ڕژێمی تورک بەتەواوی قەدەغـەی دەکات چونکە لە ٩١٥ بەولاوە تورک بۆیان ساغ دەبێتەوە کە عەبدوڵا جەودەت بەتەواوەتی دژی ڕژێمی تورکە لاوەکانە. (٣)

ئـەم مێژوولکەیـەی ئـەم چاپخانەیەی (اجتهـاد)ی عەبدوڵا جەودەتمـان لەبەر دوو هۆ گێرایـەوە، یەکەمیان: لەبـەر ئەوەی ئە چاپخانەیـە بـە چاپخانەیەکـی کوردی لەقەڵەم دەدرێـت خاوەنەکەی کوردە، دووەم: لەبەر ئەوەی ئـەم چاپخانەیە چەندین کتێب چاپەمەنی نووسـەرە کوردەکانی سـەرەتای ئەم سەدەیە بەزمانی عوسمانی لەبارەی کولتووری کورد بەچاپ گەیاندووە، هەروەها چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیی دیکەش چ بەزمانی تورکی چ بەزمانی کورد لەم چاپخانەیەی ئیجتیهاد ڕۆڵەی کورد، عەبدوڵڵا جەودەتەوە چاویان بەژیان هەڵهێناوە، لەوانە بۆ نموونە: ژمارە دووی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ساڵی ١٩١٣دا. (٤) ئەم گۆڤارەش لە بەستێنی هونەری دیزاین و فۆتۆ و هونەری چاپەمەنیەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە.



**٣. چاپخانەی (تعاون و ترقی) ١٩٠٨**

ڕووناکبیری کورد، زنار سـیلۆپی (قەدری جەمیل پاشـا) لەبیرەوەریەکانی خۆیدا دەڵێ: (خەلیلی خەیاڵی) لەگەڵ هەندێ هاوڕێی ڕووناکبیری دیکەی لەسـاڵی ١٩٠٨ دا لەگەڕەکی گیو بەگ پاشـا لە ئەستەمبۆل کۆمەڵێکیان دامەزراند بەناوی(جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی) پاشا چاپخانەیەکیشیان بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەیان دامەزراند. (٥)

بەداخەوە تۆبڵێی چاپخانەی (نجم استقبال) کە ڕۆژنامەی ژین (١٩١٨ – ١٩١٩) و گۆڤاری کوردستانی (١٩١٩ – ١٩٢٠) ی لێوە چاپکراوە، هەمان ئەو چاپخانەیەی کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەقی) نەبێت؟ چونکە ئەو چاپخانەیەی (نجم اسـتقبال)، کە بارەگاکەی لە نزیک (بابی عالی) لەشـەقامی (ابو السـعود) بوو لە ئەسـتەمبۆل، بەردەوام لە هەموو چاپەمەنیەکانی خۆیدا بەنگاشە و پرۆپاگەندەی بۆ کتێبە کوردی و گۆڤارە کوردیەکان دەکرد. تاقە چاپخانەیەکیشـە کە لەو سـەردەمەدا بانگەشـەی بۆ چاپخانەو بڵاوکراوەکانی (اجتهاد)ی عەدبوڵڵای جەودەتی کورد کردبێت. (٦) چاپی یەکەمی مەم و زینەکەی ئەحمەدی خانی بەپێشەکی هەمزە بەگە، ئەویش هەر لەچاپخانەی (نجم استقبال) چاپ کراوە.

هەر چۆنێک بێ، بەبۆچوونی من، ئەگەر چاپخانەی (نجم استقبال) هەمان ئەو چاپخانەیەی کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەقی) نەبێت کە زنار سلۆپی باسی دەکات، ئەوا دەبێ چاپخانەیەکی سەربەخۆی دیکەی کوردان بێت، هی کۆمەڵەیەکی تر.

بەم شـێوەیە دەبینین چاپخانە، پاشـانیش گۆڤار، گەلی کورد و ڕۆژنامەنووسەکانی کورد بە هونەری ڕیکلام کردن ئاشنا دەکات لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمدا.

## ٤. چاپخانەی کوردستان ١٩١٥

حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٨٣ – ١٩٤٧) لەتافی لاوێتیدا مەڵبەندە رۆشنبیریە گەورەکانی وەک و تەوریز و یەریڤان و مۆسک
و پەترسبۆرگ و ئەستەمبۆڵ هەمووی گەڕابوو. هەر لەتەمەنی بیست ساڵیەوە خۆی فێری زمانی هیندی و عەرەبی و تورکی
فارسی و رووسی و فەرەنسی کردبوو، لەئاکامی ئەو زمانزانین و دنیا دیدەیەی خۆی، لەناو فارس و ئەرمەن و رووس و تورکا
باش لەبایەخی چاپخانە و چاپەمەنی تێگەیشتبوو، بۆیە دوای ئەوەی رووسیای بەجێ هێشت و چوو بۆ هیندستان و بەرێگا
ئەفغانستانەوە چوو بۆ ئەستەمبۆڵی مەڵبەندی چاپەمەنی، لەوێ خۆی فێری هوونەری خۆشنووسی و زانستی چاپخانە و چاپەمە
کرد، ئینجا دوای ئەوە چووە ئەڵمانیا و لەوێ لەساڵی ١٩١٥ دا چاپخانەیەکی بە ١٢٠ لیرەی تورک کڕی و لەهەمان ساڵدا گواستیە
بۆ شاری حەلەب لەسووریا. (٧)

حوسێن حوزنی لەرێگای گۆڤار و رۆژنامە کوردیەکانەوە وەک و (کوردستان) و (رۆژی کورد) و (هەتاوی کورد) خوێندبوویە
دەیزانــی کـە پیتە عەرەبیەکان و ئەلف بای عەرەبی هێندە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی یەکتر ناگرنەوە، مەکینەی چاپی کورد
پێویستی بەچەند قاڵبێکی تایبەتی کوردی هەیە، هەر لە شاری حەلەب، هەندێ قاڵبی تازە بۆ دەنگە کوردیەکانی وەکو (پ)، (
(ژ)، (گ)، (ڤ)... دارشت، ئینج بەخۆی و چاپخانەکەو ئەو قاڵبانەوە گەڕایەوە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی ئەو قاڵبە کوردیانە لەناو مەکین
چاپخانەکەیدا دابمەزرێنێ. دوای جێبەجێ کردنی ئەو تاوانە مەزنە، یەکسەر هاتەوە حەلەب و دەستی کردە چاپکردنی کتێ



کوردی، یەکەم کتێب کە لەو چاپخانەیەی خۆیدا چاپی کرد، مەم و زینی ئەحمەدی خانی بوو لەساڵی ١٩١٥ دا. (٨)

بەم شێوەیە حوسێن حوزنی موکریانی بەدامەزرێنەری یەکەم چاپخانەی کوردی تەمەندرێژ لەقەڵەم دەدرێت لەمێژووی دامەزراندن و پەرەسەندنی چاپخانەی کوردیدا.

ئـەم چاپخانەیـەی موکریانی، لەچـاو چاپخانەکانی میقداد مەدحەت ١٨٩٨ و عەبدوڵلا جـەودەت ١٩٠٤ و تەعاون و تەرەقی ١٩٠٨، جیاوازیەکەی لەم خاڵانەی خوارەوە دایە:

**١- لەهەموویان تەمەن درێژترە و تاکوئێستاش هەر، یادێکی ئەو مێژووە شکۆمەندە، پارێزراوە.**

**٢- لەهەموویان زیاتر بەرهەمو کتێب و بڵاوکراوەی پێ چاپکراوە: لەماوەی یەکەمین یازدە ساڵی تەمەنیدا، زیاتر لە ١٥ کتێب و ٦ رۆژنامەی پێ چاپکراوە، تاکو ساڵی ١٩٧٠ش زیاتر لە ٨٠ بڵاوکراوەی پێ چاپکراوە.**

**٣- بەشــی هەرە زۆری ئەو بڵاوکراوانەی بەچاپی دەگەیاندن بەزمانی کوردی بوون، لەکاتێکدا کە چاپخانەکانی پێش خۆی بەشــی هەرە زۆریان بە زمانی عوسمانی بوون.**

**٤- چاپخانەکـەی موکریانــی قاڵبی دەنگە تایبەتە کوردیەکانی بۆ درووســت کرابوو، لەکاتێکـدا ئەوانی پێش خۆی نەیانبوو و کەم و کورتی تەکنیکیان هەبوو.**

شــایانی باســە، موکریانی، لەساڵی ١٩٢٥ دا لەسەر داخوازی سەید تەهای شــەمزینی قایمقامی ئەوسای رەواندوز، چاپخانەکەی

لەشاری حەڵەبەوە دەگوازێتەوە شاری ڕەواندز و دەست دەکاتە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی زاری کرمانجی (١٩٢٦ – ١٩٣٢) (٩
لەساڵی (١٩٤٧) بەولاشەوە چاپخانەکەی بەسەرپەرشتی برا بەهەشتیەکەی، گیوی موکریانی دەگوازێتەوە هەولێر و ناوی لێ دەنرێت: چاپخانەی کوردستان.
بەم شێوەیە، بەشی هەرە زۆری کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر و نووسەرانی کوردستانی – عێراق ساڵانی پەنجا شەستەکان لەم چاپخانەیەی کوردستاندا لەدایک بوون.





هەولێر ١٩١٨ بەکامێرای حوزنی موکریانی



### ٥. چاپخانەکەی میجەرسۆن ١٩١٨

ئینگلیزەکان کاتێ هاتنە عێراق و کوردستانی عێراقیان داگیر کرد، ژمارەیەک لە چاپخانەی کۆنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، یەکێک لەو چاپخانەیان لە کەرکوک دانا، میجەرسۆن لە ڕۆژی ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ بەملاوە کەوتە سەر بەکارهێنانی ئەم چاپخانەیەو ڕۆژنامەی پێشکەوتنی تاکو ساڵی ١٩٢٢ پێ بڵاوکردەوە.
شێخ نووری لە مەدح کردنی ئەم چاپخانەیەدا (مەطبەعەی حکومەت) دەڵێ:

**بنواڕە نووری مەعریفەت و لەمعەی کەمال**

**بەم مەطبەعەی حکومەتە چون شەقی دایەوە**

ڕۆژی ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٢، کاتێ شێخ مەحمود شاری سلێمانی خستەوە ژێر ڕکێفی خۆی، ئینگلیزەکان ڕایانکردو نەیانتوانی چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان ببەن، شۆڕشگێرانی لایەنگرانی شێخ مەحمود دوو ئۆگانی (بانگی کوردستان) و (ڕۆژی کوردستان) یان بەهەمان ئەو چاپخانەیەی میجەرسۆن چاپ و بڵاوکردەوە. (١٠) لایەنگرانی شێخ مەحمود، دوای بۆمبارانەکەی ٢٤ی مارتی ١٩٢٣ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان گواستەوە بۆ ناو ئەشکەوتی (جاسەنە) و ڕۆژنامەی (بانگی هەق)یان پێ دەرکرد، بەڵام لەمایسی ١٩٢٣ دا ئینگلیزەکان و سەر لەنوێ هێنایانەوە سلێمانی (١١).
ڕۆژی ١٩٢٣/٦/١٧ دیسان کورد ئینگلیزیان لەسلێمانی دەرپەڕاند و چاپخانەکە کەوتەوە دەست شێخ مەحمود و (ئومێدی ئیستقلال)

یان لەساڵی ١٩٢٣دا پێ بلاوکردەوە. لەکۆتایی مایسی ١٩٢٤ ئینگلیز سلێمانیان داگیر کردەوە چاپخانەکە سەرلەنوێ کەوتەوە دەس
ئینگلیز. لەرۆژی ١٨ی ئابی ١٩٢٤دا یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (ژیانەوە)یان پێ بڵاوکردەوە.

بەبۆچوونی ئێمە ئەم چاپخانەیەی مێجەرسۆن هەمان ئەو چاپخانەیە کە ناونرابوو (چاپخانەی بەلەدیە). بەڵگەی ئەم قسەیش ئەوە
کە ئینگلیزەکان لەرۆژی ١٩٢٦/١/٢١، لەرێگای شارەوانی سلێمانیەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی (ژیان)، واتە چاپخانەکەی
سپاردبووە شارەوانی سلێمانی.

لە رۆژی ١٩٣٢/٥/٦ بەملاوە، دوای کۆچی دوایی حوسـێن نازمی بەرێوەبەری چاپخانەکە، پیرەمێردی نەمر سەرپەرشـتیکرد
چاپخانەو رۆژنامەکەی گرتە دەسـت. لەناوەراسـتی مانگی ئۆگەستی ١٩٣٤ بەملاشـەوە، چاپخانەکەی بەکرێ گرت و خستیە س
نـاوی خـۆی. پیرەمێـرد چەندین کتێب و ٥٣٨ ژمارەی رۆژنامـەی (ژیان)ی بەم چاپخانەیەی (مێجەرسـۆن/بەلەدیە) چاپ کرد.
ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٧ دا پیرەمێرد عەقدی چاپخانەکەی لەگەڵ شارەوانی سلێمانی تەواو ببوو. شارەوانی چاپخانەکەی لە پیرەمێ
سەندەوە و خستیە ژێر رکێفی خۆی.

بەم شێوەیە، دەردەکەوێ کە تاکو ساڵی ١٩٣٧ تەنیا دوو چاپخانە لە کوردستانی عێراقدا هەبووە، چاپخانەی (کوردستان) لە هەولێر و چاپخانەی (مێجەرسۆ
بەلەدیە) لە سـلێمانی. پێویسـتە ئاماژەی ئەوەش بکەین کەلەسـەرەتای ئەم سـاڵانەی سیەکاندا جەلادەت بەدرخان لەشـاری دیمەشق سەرقاڵی بڵاوکردنەو
گۆڤاری (هاوار) و (زنجیرەی کتێبی هاوار) بوو، بەڵام چاپخانەکەیان (مطبعەی الترقی) لەوە ناچێ سەربەهیچ روناکبیر و گرووپێکی کورد بێت.



لەئاکامی ئەم روونکردنەوانەدا رێگە بەخۆمان دەدەین بڵێین: ئەگەر چاپخانەکەی مێجەرسۆن و موکریانی نەبوونایە، ئەوا هیچ یەکێک لەنووسەران
و ئەدیبانی کوردی ساڵی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ درووست نەدەبوون. ئەگەر ئەوانیش نەبوونایە ئەوا نووسەران و ئەدەبیاتی ساڵانی ١٩٤٠-١٩٧٠ نەدەبوون،
کەواتە **(هەموو نوسـەران و ئەدەبیاتی کوردی سـاڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ تا دەگاتە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئەمرۆشـمان لە چاپخانەکەی مێجەرسۆن و
موکریانیەوە لەدایک بووینە)** ئەو دوو چاپخانەیەی دایکی هەموومانن؛ وەک چۆن گۆگۆل دایکی ریالیزم بوو، بەقسەی داستایۆفسکی، لە رووسیا.

پیرەمێـردی دنیا دیدە و روناکبیر بەبێ چاپخانە نەدەحەوایەوە؛ شـانازی بە چاپخانـەی کوردانەوە دەکرد و لەبایەخی چاپخانە
باش تێدەگەیشت بۆیە لە رۆژنامەکەی خۆیدا (ژین) ژ ٨١٧ لەساڵی ١٩٤٦، نووسیویەتی (کورد سەحافەو سەقافەی هەیە) لەرۆژی
١٩٣٧/٩/٢٠ سەفەرێکی بەغدای کرد و لەوێ چاپخانەیەکی تازەی کڕی و هێنایەوە سلێمانی. لە رۆژی ١٩٣٧/٩/٢٠ بەملاوە درێژەی
بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی (ژیان) دایەوە (١٣)

سـالح قەفتان لە پێشـەکی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (زانسـتی) دا دەڵێ: ئێسـتا شوکر لە شـارەکەماندا دوو چاپخانە هەیە، پیاو
لـە تەنگانـەدا دانامێنـێ، هەر چەندە رەفیقـی خۆم مەگبەعی بەلەدیە بوو، بـەڵام چونکە ناتوانێ لەهەفتەیەکـدا رۆژنامەی (ژیان) و
مجەللەکەی منیش لەچاپ بدا، بام دایەوە لای چاپخانەکەی پیرەمێرد، چوومە خزمەت پیرەمێردی موحتەرەم، خوا حەقە تەکلیفەکەی
قبوڵ کردم و بێ ئەوەی ئەرکێک یا مەسرەفێک بخاتە سەرم بۆی لەچاپ دام) (١٤)

بەم شێوەیە، پیرەمێرد و چاپخانەکەی، رێگا و کاروانێکی تازە بوون بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تازە و ژیانێکی ئەدەبی تازە.



وێنەی ئەو بۆردومانەی کە ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢٤ دا سلیمانی بۆمباران کرد بەرگی [ ٢ ل ٥٩ چیمەدی ]



وێنەی ئەو بۆردومانەی کە ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢٤ دا سلیمانی بۆمباران کرد بەرگی [ ٢ ل ٥٩ چیمەدی ]



سەرچاوەو پەراوێز

١- ژمارە ٢٠ و ٢١ سەرلەنوێ لەمیسر چاپکراون. بەڵام ناوی چاپخانەکەی نەنوسراوە. ژمارە ٢٢ و ٢٣ هەر لە میسر لە چاپخانەی (هندیە) چاپکراون. ژمارە ٢٤ - ٢٧ لەلەندەن و لە فولکستون لە بەریتانیا چاپکراون. ژمارە ٢٨ و ٢٩ لە چاپخانەی (انتقام) لە فولکستون چاپکراون.

٢- Encydopedie de l islam. victionnaire geog. ethong. et biog. Des peoples muslnans. Suplement pairs ١٩٣٣.p.٥٤-٥٦

٣- گۆڤاری ئیجتهاد لە ١٩١٨/١١/١ سەر لەنوێ ژمارە ١٢٨ای لێ بلاوەکرێتەوە تاکو ژمارە ١٤٤. لە ساڵی ١٩٢٢ بەیەکجاری راوەگیری و عەبدوللا جەودەتیش دووساڵ حوکم دەدری.

٤- ژمارە ای (رۆژی کورد) لە چاپخانەی احقوق). ژمارە سێیەمیشی لە چاپخانەی (محمود بگ) لە ئەستەمبول چاپکراوە.

٥- زنار سلوپی: فی سبیل کردستان. ترجمە من کردیە: رچوان علی. منشورورات رابگە کاوە. دارالکاتب بیروت: ١٩٧٨. ص١٨.

٦- پروانە ژمارە ٣ و ٤ و ٥ی ژین (١٩١٨-١٩١٩) بەرگی دواوەی.

٧- جەلیل جەلیل: نهگە الاکراد الهقافیە. ص ٦١

٨- مەعقید حاجی: یادی حوسێن حوزنی موکریانی. رۆژنامەی العراق. ژمارە ١٢٥٧. ساڵی ١٩٧٣.

٩- مەعقید حاجی: کاروانە سەختەکەی چاپخانەی کوردستان. کاروان ژ٢٣. هەولێر: ١٩٨٥ ل١٢-١٥.

١٠- کەمال مەزهەر: چەکێک لەبارەی یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی. کتێبی (چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کوردا. بەشی یەکەم. د.ر.پ.ک. بەغدا: ١٩٨٥ . ل١٥٢.

١١- C.J EDMONDS kurds. Turcs and Arabs. London: ١٩٥٧. p . ٣٣٢

١٢- کەمال مەزهەر: سەرچاوەی پێشوو. ل ١٥٤.

١٣- مستەفا ساڵح کەریم: دیوانی پیرەمێرد. سلێمانی ل ٣٦-٣٩

١٤- گۆڤاری (زانستی). ژمارە (١). ٢٢ شوباتی ١٩٢٨ لە سلێمانی. ل ٢-٣.








سید حوزنی لەگەل پۆلێک ڕۆشنبیرو ڕوناکبیری شاری ڕواندز گوڵای بیستەگان



پیرەمێرد گوڵ پێشکەش دەکاتە حەپسەخانی نەقیب











چاپخانەکەی پیرەمێرد



گۆشەیەکی سلێمانی بەکامێرایەکی یوگسلاڤی



# مێژووی هونەری دیزاین لە کوردستاندا





تا سەرەتای سەدەی بیستەم هونەری دیزاین تەنیا تایبەت بوو بە دیزاینی کتێب، ئەمەش چونکە تا ساڵی (١٨٩٨) هیچ رۆژنامە و گۆڤارێک
زمانی کوردی دەرنەچووە.

کەواتە مێژووی هونەری دیزاینی کلاسیک لە کوردستاندا بریتیە لە مێژووی کتێب. ئەگەر بمانەوێ لە مێژووی دیزاین لە کوردستان بکۆڵینە
دەبێ لە مێژووی کتێب و یەکە یەکەی ئەو کتێبانە بکۆڵینەوە کە بە زمانی کوردی لە کوردستاندا چاپکراون.

دەتوانین مێژووی هونەری دیزاین بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەین:

١. هونەری دیزاینی میناتۆری.

عادەت وابوو کە نووسەر بەشی سەرەوەی هەر بەشێک لە کتێبەکەی، واتە بەشی سەرەوەی هەر دەروازەیەک (فەسڵێکی) کتێبەکەی بەشێوەیە
بەرچاو نەخش دەکرد لە شێوەیەکی وێنەییدا، دوو ستوونی هەبوو، یانیش زۆربەی جار یەک ستوونی.

زۆر جار لە هەندێ لاپەڕەکانی ناوەوەی کتێبەکەدا بەشی خوارەوەی کتێبەکەی یانیش زۆرجاران ئەم لاو ئەولای کتێبەکەی بە نیگار (میناتۆ
دەرازاندەوە (نموونەی ئەم جۆرە دیزاینە: کتێبی طوببا کوردی، خورشید و خاوەر). جاری واش هەبوو ئەو نیگار و میناتۆرانەی، کە عەرەب پ
دەڵێن (نمنمنات) لەشێوەی تابلۆی سەربەخۆدا لە یەک لاپەڕەدا دادەنا (وەک لە کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسیدا دەبینین کە بیست تاب
لەگەڵ دانراوە).



شایەنی باسە، ئەو تابلۆیانە، هەرگیز وەک بەرهەمێکی سەربەخۆ پێشکەش نەکراون، بەڵکو بەمەبەستی روونکردنەوەی باس و خواسەکانی نێو
تێبەکە بوونە: بۆیەش زۆرتر لەڕووی دیزاین و هونەری دیزاینەوە گرینگی پلەی یەکەمیان هەیە؛ بایەخێکی روونکاری وەردەگرن لەچاو ئەوەی
یەخێکی بەپلەی یەکەم شێوەکاریان هەبێ ((هەرچەندە بە یەکەمین کەرەستەکانی مێژووی هونەری شێوەکاریش دەژمێردرێن)).
ئەو نیگار و میناتۆرانە، چونکە لەچاو ناوەڕۆکی کتێبەکە، بۆ خەڵک و عەقڵی ئەو سەردەمەی جاران، هێندە گرنگ نەبوونە: بۆیە ناوی نیگارکێش
ناوی دیزاینەرەکان هەرگیز نەنوسراوە و تۆمارنەکراوە، کەم جاریش رێک کەوتووە نووسەری کتێبەکە خۆی ئەو میناتۆرانەی دروستکردبێت.
دەبێ ئەوەش بڵێین ئەم قۆناغە، هەر لەچینەوە بگرە تا میلەتانی فارس و تورک و عەرەبیش پێیدا تێپەڕبوونە و قۆناغێکی کلاسیکی هونەری
دیزاینە.

٢. هونەری دیزاینی سەردەمی چاپخانە

لەو ساڵانەوە کە چاپخانە دەگاتە کوردستان، هونەری دیزاینی کتێب گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا دێت، بەشێک لەو گۆڕانە بنەڕەتیانە بەهۆی
ەولی ئەو رۆژهەڵاتناسە ئەورووپاییانەوە بووە کە کتێبیان بەزمانی کوردی، بەتەرجەمەی فەرەنسی و ئەڵمانی یان بەتەرجەمەی ئیتاڵی و
ینگلیزیەوە چاپکردووە، لەناو ئەو کتێبانەدا، بەتایبەتی لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بەملاوە، چیرۆک و بەیت و داستانە کوردیەکانیان بە دیزاینێکی
جوان و تازە (لەچاو سەردەمی کۆن) بەوەرگێرانی زمانێکی ئەورووپیەوە چاپکراون، یەکەمین کتێب لەم بارەیەوە کتێبەکەی کوردناسی ئیتاڵی،
ارزۆنی Garzoni یە، کە لە رۆما لە ساڵی (١٧٨٧) چاپکراوە.

دەستنوسێکی کتێبی شەرەفنامەی بەدلیسی (سەدەی حەڤدەم)








ԱՅԲԲԵՆԱՐԱՆ
ՔՐԴՏԵՐԷՆ ԵՒ ՀԱՅԵՐԷՆ
ԱԼԻՖԲԷՃՈՒՔ
ԳՈՒՐՄԱՆՃԻ ՈՒ ԷՐՄԻՆԻ

(ԵՐԿՐՈՐԴ ՏՊԱԳՐՈՒԹԻՒՆ)

کتێبی (ئەلفابێ جێ یا کرمانجی) ١٨٥٧



کتێبدانێک (بەکامێرای ڕۆژهەلاتناسێکی سەدەی ١٩)

دوای گارزۆنی، لەناوەڕاست تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، ئۆسکارمانی ئەڵمانی و خۆدزکۆی فەرەنسی و پیتەر لێرخ و (لۆکۆک)ی ئەڵمانی و ئەلکزەندەر ژابای رووسی بەئەسڵ پۆڵۆنی هەندێک لەو رۆژهەڵاتناسانەن کە هونەری دیزاینی ئەورووپایی دەهێننە کوردستان و هونەری دیزاینی مۆدێرنی ئەورووپا بۆ چاپکردنی کتێب بە کوردستان و بە چاپەمەنی کورد و بە نوسەرانی کورد دەناسێنن.

لەم قۆناغە تازەیەدا هەڵە و کەم و کوڕی لە هونەری دیزایندا کەم دەبێتەوە: چونکە جاران دیزاینەر راستەوخۆ وێنەی لاپەڕەکانی دەکێشا و ئەگەر هەڵەی بکردایە نەیدەتوانی چارەسەری بکات. بەڵام لەم قۆناغە نوێیەدا دیزاینەکەی دەگەیاندە قۆناغی پێرفێکت (لووتکە) ئینجا دەیدایە چاپ.

جگە لەمەش واپێدەچێ، هاتنی چاپخانە وادەکات کە کاری دیزاینەر لە داهاتوودا ببێتە پرۆفیشناڵ و تایبەتمەند، واتە پسپۆڕی (تخصص) پەیدا بکات: چونکە لە سەردەمی پێشوودا زۆربەی جار نووسەر خۆی یان هەر خەتخۆشێک کارەکەی دەکرد، بەم شێوەیە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمەوە، بەهۆی هاتنی چاپخانەوە (کە هەموو کەسێک لێی نەدەزانی) وردە وردە دیزاینەر و هونەری دیزاین لە پسپۆڕی (تخصص) نزیک دەکەوێتەوە.

یەکێک لە جیاوازیەکانی دیکەی ئەم قۆناغە نوێیەی دیزاین ئەوەیە کە لەم قۆناغە نوێیەدا تیراژی کتێب بە پلە و رێژەیەکی زۆر بڵندتر، واتە بە زۆرترین ژمارە لەناو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە.

تایبەتمەندیەکی دیکەش ئەوەیە کە لەگەڵ گەیشتنی چاپخانە، جوانیناسیی خەت و (خۆشنووسی) نامێنێت و جوانیناسیی پیت جێگەی دەگرێتەوە، چونکە جاران کتێب بەدەست دەنووسرایەوە، بەڵام لەم قۆناغە تازەیەدا جوانیناسیی پیت (پیتی چاپ) دێتە ئارا. هێدی هێدی هەوڵدەدرێت کە پیت پەرەی پێ بدرێت، کلێشەی تازە بۆ پیتەکان دروست بکرێن، تا گەیشتە ئەوەی کە ئەمرۆ سەدان جۆر پیت دروست بکرێن.



بەم شێوەیە ئیستێتیکای خەت (خۆشنووسی) وردە وردە کز دەبێتەوە و ئیستێتیکای پیت سەر هەڵدەدات و دەبێتە مۆدێل، ئەمەش وا دەکات کە نووسەر یان بڵاوکەرەوەکەی کتێب بەدوای چەند پێوەرێکی تازە بۆ دیزاینی کتێب بگەڕێت؛ هەوڵبدات کلێشە و فۆرمی تازە بۆ دیزاینی کتێب و رازاندنەوەی لاپەڕەکان دابهێنێ، لەم بەستێنەشدا بەکارهێنانی گراڤوور Gravure وێنەی هەڵکۆڵدراوی سەرتەختەدار (چاپکراو)، باشترین ئەڵتەرناتیف و دەستاوەردبوو؛ کە پاشان فۆتۆگراف و هێلکاری جێگەی گرتەوە.

جوانترین کتێب و سەرکەوتووترین بەرهەمی ئەم قۆناغە بریتیە لە کتێبی (ئەلفابێ جێ یا کرمانجی) لە ئەستەمبۆل لە ساڵی (١٨٥٧) لەلایەن کۆمەڵێک موژدەگار و قەشەی ئەرمەنیەوە بەهاوکاری چەند کوردێک چاپکراوە، کتێبەکە، کە پڕە لە وێنە و گراڤور و هێلکاری جۆراوجۆر، بەئەلفابێی ئەرمەنی بەڵام بەزمانی کوردی (بەدیالێکتی کرمانجی ژووروو) چاپکراوە و پڕە لە بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بەزمانی کوردی، بەجوانترین دیزاین و رازاوەترین دیزاینی مۆدێرنی ئەو سەردەمە، لە چاپخانەیەکی ئەرمەنیەکان لە ئەستەمبۆل چاپکراوە. (من لەکتێبی مێژووی وەرگێرانی ئینجیل لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەفراوانی باسی ئەم کتێبەم کردووە).

### ٣. قۆناغی رۆژنامە و گۆڤارەکان

راستە، یەکەم رۆژنامە بەزمانی کوردی لە (١٨٩٨ – ١٩٠٢: لە قاهیرە – ژنێف – فۆلکستۆن) سەرهەڵدەدا، بەڵام دە پازدە ساڵێکی دەوێت بۆ ئەوەی چاپخانە بەشێوەیەکی فیعلی و بەکردەوە، راستەوخۆ بکەوێتە دەست کورد بۆ ئەوەی سوودی راستەوخۆی بۆ هونەری دیزاین لێ ببینن. راستیەکەشی لە ساڵانی بیستەکان بەملاوەیە کە چاپخانە دەکەوێتە دەست نووسەر و رووناکبیرانی کورد بۆ ئەوەی راستەوخۆ بێن لەناو

## نموونەیەکی دیزاینی فەرمانی دەوڵەت

سلاحەدینی ئەیوبی فەرمانێکی دەرکردووە تێیدا داوا دەکات کە زمان و کولتووری ئەرمەنی ئازاد ببێت و ئازادانە لەلایەن ئەرمەنیەکانەوە بەکار بێت.









دەستنووسی خورشید و خاوەر. لەگەڵ میناتورەکانی لاپەڕە (٦٦) هەمان ناوەڕۆکی خورشید و خاوەر دەردەبڕن کە نموونەیەکن بۆ دیزاینی کتێبی کوردی لە سەدەی هەژدەمدا. هەر سێ میناتۆر لە دکتۆرانامەکەی د. کەمال فواد بەزمانی ئەڵمانی وەرگیراون.



پیرەمێرد و چاپخانەکەی







ڕۆژهەلاتناسی فەرەنسی، شاردان

چاپخانەدا کاربکەن و بەشێوەیەکی یەکراست و باریکبینانە بە هونەری چاپخانە ئاشنا بین و کاری دیزاینی تێدا ئەنجام بدەن.

ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨ – ١٩٠٢) دیزاینێکی کلاسیکی لەچاو دیزاینی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پاش خۆی هەیە. هەرچۆنێک بێ، توێژەری پسپۆڕ ئەگەر لەم مێژووە بکۆڵێتەوە، بۆی وەدیاردەکەوێ کە هونەری دیزاین زیاتر لەناو گۆڤارەکاندایە کە پێشکەوتنێکی باش و پەرەسەندنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ، بەتایبەتی لەڕێگەی گۆڤارەکانی دوای (ڕۆژی کورد، ئەستەمبوڵ: ١٩١٣) بەملاوە.

لەسەرەوەدا گوتمان: بەکارهێنانی گراڤوور Gravure وێنەی هەڵکۆڵدراوی سەر تەختەدار (چاپکراو) باشترین ئەلتەرناتیف و دەستاوەرد بوو کە جێگەی میناتۆری گرتەوە، کە پاشان فۆتۆگراف و هێلکاری جێگەی گرتەوە، لە هەمان کاتیشدا تواناکانی چاپخانەش زیاتر وزە و هێزی بەخشییە هونەرمەندی دیزاینەر بۆ ئەوەی بتوانێ باشتر و جوانتر و بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر لە هونەری دیزایندا سەربکەوێت.

هەم چاپخانە و هەم تەکنیکی گراڤوور (Gravure وێنەی هەڵکۆڵدراوی سەرتەختەدار) بۆ یەکەم جار لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانییەوە وەک کوردێک بەکارهات و هاتە ئارا: بۆ یەکەم جار ئەم تەکنیکەی لە کتێبی (خونچەی بەهارستان) لە ١٩٢٥ لە حەلەب بەکارهێنا، پاشان کتێبێکیشی لەبارەی ئەم تەکنیکە نووسی بەناونیشانی (وێنەگەری کۆڵین) کە لە کانوونی یەکەمی (١٩٣٤)دا لە ڕواندز چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە (٩٥) لاپەڕەی قەوارە ١٤×٢٢سم. کتێبەکە (٢٥) تابلۆی تەختیتی تێدایە کە ئامێرەکانی نیگارکێشان و لیتۆگرافی و گراڤوور و زەنگۆگرافی و فۆتۆگرافی پیشان دەدات، لەگەڵ قۆناغ بەقۆناغ چۆنیەتی بەکارهێنانیان، ئەم کتێبە، دەیان زاراوەی تازەی خستۆتە ناو زمانی کوردیەوە، کۆلۆدیۆن، شووشەی بەهەست، دووربین، فەنەر، ڕەحەتی، بەتاریە، ڕتووش، تیرۆک، ئەسپرتۆ، مەرەکەبی تەڕ، کۆڵانی بەتیشک..



حوسێن حوزنی موکریانی چەند وتارێکیشی لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە لەوانە: لە ژمارە (٣)ی (زاری کرمانجی)دا لە (١٩٢٦)، وتارێکی بەناونیشانی (عەکاسی کۆڵان) واتە (وێنەگرتن بەشێوەی هەڵکۆڵین). دوا بەدوای ئەوەش لە ژمارە (٢٠)ی (١٩٢٩/٨/١٧) لە وتارێکی دیکە بەناونیشانی (مێژووی عەکاسی و فروعاتی). دەیان زاراوەی تازەش لەبارەی هونەری دیزاین دەخاتە ناو زمانەکەمان: ڕەسمی نەچەری، مصەور، عەکس، صنعەتی چاپ و کلێشە، چینکۆگرافی، لیتۆگرافی، فۆتۆگرافی..

مێجەرسۆن، کە نووسەرێکی ئینگلیز بوو، سەبارەت بەوەی ڕۆشنبیریەکی ڕۆژئاوایی هەبوو، ئەویش لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کە لەماوەی (١٩٢٠ – ١٩٢٢) لە سلێمانی دەردەچوو، تەکانێکی باشی بەخشیە هونەری دیزاین لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا.

دوای ئەوەش پیرەمێرد و چاپخانەکەی، لەڕێگەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) و (ژین)دا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو.

جەلادەت بەدرخان لەساڵی (١٩٣٢) بەملاوە لە دیمەشق، لە ڕێگەی گۆڤارە ناودارەکەیەوە بەناوی (هاوار) کە دە ساڵ زیاتری خایاند، پاشانیش لەڕێگای گۆڤاری (ڕۆناهی)یەوە، لە بەیروت، ئەویش پەرەی زۆری بە هونەری دیزاین دا، هونەری دیزاینی گواستەوە بۆ قۆناغێکی مۆدێرن. ئەمەش چونکە ناوبراو کولتوور و شارەزایەکی زۆری لە بواری دیزاین و ڕۆژنامەگەریدا، لە ئەورووپا بەتایبەتی لە فەرەنسا وەرگرتبوو.

هەرچۆنێک بێ، هاتنی چاپخانە، دوای ئەویش سەرهەڵدانی ڕۆژنامە و گۆڤار لە ماوەی (١٨٩٨) تا سەرەتای ساڵانی سیەکانی سەدەی بیستەم بە قۆناغی نەشونمای هونەری دیزاین لە کوردستاندا دەناسرێتەوە.



دەروازەی گەورەی قەڵاتی هەولێر





بەردەم چایخانەی قەرداران















حەمە شێتی هەولێر لە شەستەکان و حەفتاکان



شێتێکی سلێمانی



سەربازەکانی ئینگلیز لە کوردستاندا







سلێمانی





سلێمانی








سلێمانی



گۆرانیبێژێکی سلێمانی







فەقێ جەمیل ئەحمەد عەلی زەندی ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٣٧ بەدەستی مامۆستا گیوی موکریانی گیراوە



گیوی موکریانی لە ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٦٤ لە باخچەی خانزادی شاری هەولێر









چەکدارەکانی هۆزی بەختیاری ل کوردستانی ئێران



هەولێر











نووسەری ئەم کتێبە لەناو پۆلدا

بە کامێرای (ڕێبین چالاک)



## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی رۆشنبیری

### بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

### بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

| ز | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | لاپەڕە | نرخ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٦٢ | البعد السياسي للمشكلات القومية «الكُرد نموذجاً» | د. خليل اسماعيل محمد | دراسة | ١٠٤ | ١٠٠٠ |
| ٣٦٣ | خۆری ئاراپخا کەرکوک و ژیانی عەبدولڕەحمانی نفووس | زانیار سەردار | لێکۆڵینەوە | ١٠٤ | ١٠٠٠ |
| ٣٦٤ | الاعلام والصحافة | صابر محمود عبدالله | دراسة | ١٢٠ | ١٥٠٠ |
| ٣٦٥ | هەڵوێستەکان... دەسکەوتەکان وتارو دیمانەکانی سەرۆک مسعود بارزانی | مستەفا سەلیم | وتارو دیمانە | ٥٥٢ | - |
| ٣٦٦ | لەدرزی هزرەوە | بەهزاد حەویزی | وتار | ٢٥٦ | ١٥٠٠ |
| ٣٦٧ | توانەوە | غەفور سالح عەبدوڵلا | رۆمان | ٣٠٤ | ٢٠٠٠ |
| ٣٦٨ | مصباح القلوب ومفرج الكروب | ملا عبدالرحمن ملا طه | الجزء الاول | ٧٨٣ | ٦٠٠٠ |
| ٣٦٩ | مصباح القلوب ومفرج الكروب | ملا عبدالرحمن ملا طه | الجزء الثاني | ٨٩٦ | ٧٠٠٠ |
| ٣٧٠ | ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی لە ئاستی زمانی نووسیندا | د. شێرکۆ بابان | لێکۆڵینەوە | ٣١٢ | ٣٠٠٠ |
| ٣٧١ | مێژووی هونەری فۆتۆ | د. فەرهاد پیرباڵ | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | ٩٦ | ٣٠٠٠ |